له بڵاو كراوەكانی ماڵپەڕی بەهەشت

# هەڵبژادەیەك لە فەتوای زانایان

## سەبارەت بە

# ڕۆژووی ئافرەتان

هەڵبژاردن و وەڕگێڕانی

**دایکی سوننە**

پێداچوونەوەی

**مامۆستا عدنان بارام**

---

ماڵپەری بەهەشت

ba8.org

ماڵپەڕێكی ئیسلامی زانستی پەروەردەیی یە و لەپێناو بڵاوكردنەوەی ئەو ئیسلامەیە كە سەلەفی صالّح - پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) و هاوەڵانی (رضي الله عنهم) لەسەری بوون - وە سەر بە هیچ گروپ و لایەنێكی حیزبی نیە.

## ماڵپەری بەھەشت

**ئەو کتێب و بابەت و لێکۆڵینەوە شەرعیانە بڵاو دەکاتەوە کە دەبنە هۆی:**

١. شارەزاکردنی موسوڵمانان و پەروەردەکردنیان لەسەر ڕێگا ڕاستەکەی ئیسلام، ئەمەش دەستەبەر دەبێ بە گەڕانەوە بۆ پەیڕەوە ڕەسەنەکەی ئیسلام،کە بریتی یە لە قورئان و سوننەت،بە تێگەشتنی پێشین وپێشەوایانی ئوممەت.

٢. پاک کردنەوەی بیروباوەڕ و ڕەوشتی موسوڵمانان، لە دیاردەکانی شیرک و کوفر و تاوان.

٣. پاڵاوتن و تەصفیەکردنی ئاینی ئیسلام لە بیدعە و بۆچونە داھێنراوەکان.

٤. وریا کردنەوەی موسوڵمانان لە شوێنەواری خراپی ڕیوایەتە لاواز و ھەڵبەستراوەکان.

٥. پتەو کردنی برایەتی یەکی ڕاستەقینە لەسەر بناغە فراوانە جێگیرەکەی ئیسلام و نەھێشتن و کەمکردنەوەی دەمارگیری مەزھەبی و حیزبی.

**ئامانجمان:**

ئاشناکردنی کۆمەڵگایە لە ئیسلامی ڕەسەن و دروستکردنی تاك و کۆیەتی بۆ تێگەشتن لە سەرچاوەکانی کە بریتین لە قورئانی پیرۆز و سوننەتی صەحیح و ئاشکراکردنی ئەو شتانەی کە نامۆن بە ئیسلام و خراونەتە نێویەوە بە چەندین دەستەواژەی دەنگ و ڕەنگ و نوسراوی لە بوارەکانی بیروباوەڕ و ڕەوشت و ئاکار و پەروەردە و زانست و پزیشکی و گەشەی کۆمەڵایەتی.

**خودایە داوات لێ دەکەین دامەزراومان بکەیت ، وتەوفیقمان بدەیت بۆ ھەر کار وگوفتارێکی جوان وچاک بەو شێوەیەی کەخۆت لێی ڕازیت.**

**ستافی ماڵپەڕی بەھەشت**

بسم الله الرحمن الرحيم

# پێشەکی

إِنَّ الحَمْدَ للهِ نَحْمَدُهُ وَنَسْتَعِيْنُهُ وَنَسْتَغْفِرُهُ وَنَعُوْذُ بِاللهِ مِن شُرُوْرِ أَنْفُسِنَا وَمِنْ سَيِّئَاتِ أَعْمَالِنَا مَنْ يَهْدِهِ اللهُ فَلا مُضِلَّ لَهُ وَمَنْ يُضْلِلْ فَلا هَادِيَ لَهُ ...

وَأَشْهَدُ أَنْ لا إِلَهَ إِلاّ اللهُ وَحْدَهُ لا شَرِيْكَ لَهُ ...

وَأَشْهَدُ أَنَّ مُحَمَّداً عَبْدُهُ وَرَسُوْلُهُ ...

﴿ يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا اتَّقُوا اللَّهَ حَقَّ تُقَاتِهِ وَلَا تَمُوتُنَّ إِلَّا وَأَنْتُمْ مُسْلِمُونَ ﴾ ( سورة آل عمران : ١٠٢ ) .

﴿ يَا أَيُّهَا النَّاسُ اتَّقُوا رَبَّكُمُ الَّذِي خَلَقَكُمْ مِنْ نَفْسٍ وَاحِدَةٍ وَخَلَقَ مِنْهَا زَوْجَهَا وَبَثَّ مِنْهُمَا رِجَالًا كَثِيرًا وَنِسَاءً وَاتَّقُوا اللَّهَ الَّذِي تَسَاءَلُونَ بِهِ وَالْأَرْحَامَ إِنَّ اللَّهَ كَانَ عَلَيْكُمْ رَقِيبًا ﴾ ( سورة النساء : ١ ) .

﴿ يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا اتَّقُوا اللَّهَ وَقُولُوا قَوْلًا سَدِيدًا يُصْلِحْ لَكُمْ أَعْمَالَكُمْ وَيَغْفِرْ لَكُمْ ذُنُوبَكُمْ وَمَنْ يُطِعِ اللَّهَ وَرَسُولَهُ فَقَدْ فَازَ فَوْزًا عَظِيمًا ﴾ ( سورة الأحزاب : ٧٠ - ٧١ ) .

أَمَّا بَعْدُ : فَإِنَّ أَصْدَقَ الحَدِيْثِ كِتَابُ اللهِ وَخَيْرَ الهَدْيِ هَدْيُ مُحَمَّدٍ ﷺ وَشَرَّ الأُمُوْرِ مُحْدَثَاتُهَا وَكُلَّ مُحْدَثَةٍ بِدْعَةٌ وَكُلَّ بِدْعَةٍ ضَلالَةٌ وَكُلَّ ضَلالَةٍ فِي النَّارِ .

**خوشکی بەڕێزم :** ئەم نووسینەی بەردەستت ، بەشێکە لە نووسینێکی فراوانتر کە تێیدا وەرگێڕ هەوڵی ئەوەی داوە . بە پشتیوانی خوای پەروەردگار . ئەو فەتوایانەی تێدا هەڵبژێرێت کە ئافرەتی موسڵمان لە بوارە جیا جیاکانی ژیانی ڕۆژانەیدا پێویستی پێیان دەبێت ، بەڵام لەبەر هاتنی مانگی ڕەمەزانی پیرۆز ئەوە بەباش زانرا ئەو بەشەی کە تایبەتە بە ڕۆژووگرتنەوە بە شێوەیەکی سەربەخۆ چاپ بکرێت بۆ سوودمەند بوونی ئافرەتانی موسڵمان ، جا داواکارم پەروەردگار لە هەموو لایەکی وەرگرێت ، و جێی ڕەزامەندی ئەو بێت .

وَآخِرُ دَعْوَانَا أَنِ الْحَمْدُ لِلَّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ

**دایکی سوننە**

**( ٢ ) ی ڕەمەزانی ١٤٣١ك**

**کەلار**

## ﴿ سوودەکانی ڕۆژوو ﴾

**( سوودە کۆمەڵایەتیەکانی ڕۆژوو )**

**پرسیار :** ئایا ڕۆژوو سوودی کۆمەلایەتی هەیە ؟

**وەڵام :** بەڵێ سوودی کۆمەڵایەتی هەیە ، لەوانەش :

- ❑ هەست کردنی خەڵکی بەوەی کە یەك ئومەتن ، لە یەك کاتدا دەخۆن و لەیەك کاتیشدا ڕۆژوو دەگرن .
- ❑ وە هەروەها دەوڵەمەند هەست دەکات بە نیعمەتەکانی خوا و بەزەیی و سۆزی دەبێت بۆ هەژاران .
- ❑ هەروەها هەڵنەخلیسکانەکانی شەیتان بۆ نەوەکانی ئادەم کەم دەکاتەوە .
- ❑ وە تەقوای خواشی تیادایە , تەقوای خواش پەیوەندی نێوان کۆمەڵگا بتەو دەکات [١] .

## ﴿ دیاری کردنی مانگی ڕەمەزان ﴾

**( نادروستی گوێڕایەڵی کردنی ئەستێرەناسان لە دیاری کردنی پەرستشەکاندا )**

**پرسیار :** ئایا دروستە بەقسەی ئەستێرەناسان بکەین ، لە پەرستنی خوای گەورە ، وەکو ڕۆژوو و خوا پەرستییەکانی تر ؟

**وەڵام :** دروست نیە بە قسەیان بکەین و شوێنیان بکەوین لەو کارەدا ، بەڵکو پێویست وایە متمانە بکرێتە سەر بینینی مانگ ، لەبەر ئەو فەرموودە ( صحیح ) ەی کە تێیدا هاتووە : " صُومُوا

---

[١] ( **محمد بن صالح العثيمين** : موسوعة الأحكام والفتاوى الشرعية : ص ٥٩٥ ) .

لِرُؤْيَتِهِ وَأَفْطِرُوا لِرُؤْيَتِهِ فَإِنْ غُمِّيَ عَلَيْكُمْ فَأَكْمِلُوا عِدَّةَ شَعْبَانَ ثَلاثِينَ " [٢] ، واتە : بە بینینی مانگی یەك شەوەی مانگی ڕەمەزان ڕۆژوو بگرن ، وە بەبینینی مانگی یەك شەوەی مانگی شەوال واز لە ڕۆژوو بێنن ، بەڵام ئەگەر هەور بوو ، ئەوا مانگی شەعبان بە ( ٣٠ ) سی رۆژ پڕ بکەنەوە ، و پاشان ڕۆژووی ڕەمەزان دەست پێ بکەن ... تەنها خوای پەروەردگارە پشتیوان بۆ سەرکەوتن ، وصلى الله على نبينا محمد وآله وصحبه وسلم [٣] .

## ﴿ نیەت لە ڕۆژووی ڕەمەزاندا ﴾

### ( چۆنێتی و کاتی هێنانی نیەتی ڕۆژوو )

**پرسیار :** چون مرۆڤ نییەتی ڕۆژووی ڕەمەزان بێنێت ؟ وە ئایا تەنها زانین بەهاتنی مانگی ڕەمەزان دروستی ڕۆژووی ڕۆژەکانی تری دەگەیەنێت ؟

**وەڵام :** نیەت بریتیە لە بوونی عەزیمەتی مرۆڤ لە سەر ڕۆژوو گرتن ، وە پێویستیشە لە شەودا و لە هەموو شەوێکی ڕەمەزاندا نییەت دابمەزرێنێت [٤] .

### ( نیەتی ڕۆژوو لە سەرەتای مانگ یان لە هەموو شەوێکدا پێویستە )

**پرسیار :** جار جار ڕۆژوو دەگرم بەبێ بوونی نیەت لەسەرەتای ڕۆژوەکەدا ، ئایا نیەت لە هەموو ڕۆژێك مەرجە لە ڕۆژودا ؟ یان لەسەرەتای مانگەوە بەسە ؟

---

[٢] ( رواه البخاري و مسلم ) .

[٣] ( **اللجنة الدائمة** : فتاوى اللجنة الدائمة للبحوث العلمية والإفتاء : ج ١٠ : ص ٩٣ ) .

[٤] ( **اللجنة الدائمة** : فتاوى اللجنة الدائمة للبحوث العلمية والإفتاء : ج ١٠ : ص ٢٤٦ ) .

**وەڵام :** لە کردار و پەرستشەکاندا ڕۆژوو و جگە لە ڕۆژوو پێویستە نیەتی تێدا هەبێت , پێغەمبەری خوا ﷺ ئەفەرموێ : " إِنَّمَا الْأَعْمَالُ بِالنِّيَّاتِ وَإِنَّمَا لِكُلِّ امْرِيءٍ مَا نَوَى " [٥] ، واتە : کردەوە تەنها بە نیەتە وە بۆ هەر مرۆڤێکیش ئەوە هەیە کە لە نیەتیدایە .

کەوابوو ڕۆژوی مانگی ڕەمەزان بوونی نیەت پێویستە بۆی لە شەودا بەوەی نیەتت هەبێت پێش دەرکەوتنی سپێدەی ڕاستگۆ بۆ ڕۆژووی ئەو ڕۆژە , وە هەستانی موسڵمانان لە خەو لە کۆتایی شەو و پارشێوکردنی بەڵگەیە لە سەر بوونی نیەت , و پێویست وداواکراو نیە لە مرۆڤ بە وتن و گۆکردن بڵێت : نیەتم هێنا , چونکە ئەو ووتنە بیدعە و تازەگەریە و دروست نیە بووترێت .

وە نیەت پێویستە لە ڕەمەزاندا هەموو ڕۆژێك بەجیا و بەتاك , چونکە هەموو ڕۆژێك پەرستێکی تایبەتە و پێویستی بەنیەت هەیە ، کەوابوو نیەتی ڕۆژو دەهێنێت بەدڵی بۆ هەموو ڕۆژێك لەشەودا , جا ئەگەر نیەتی هەبوو لە شەودا و پاشان خەوت و بەخەبەر نەهات دوای دەرکەوتنی سپێدە نەبێت , ئەوا ڕۆژووەکەی تەواوە لەبەر بوونی نیەتی لەشەودا [٦] .

## ﴿ هۆکارە یارمەتیدەرەکانی ئافرەتان لە پەرستشدا ﴾

**( باشترین هۆکار کە یارمەتیدەرە لە ڕۆژوودا )**

**پرسیار :** باشترینی ئەو هۆکارانەی کە یارمەتی ئافرەت دەدەن لە سەر تاعەت لە مانگی ڕەمەزاندا چین ؟

**وەڵام :** ئەو هۆکارانەی کە یارمەتی موسڵمان دەدەن پیاو بێت یان ئافرەت لە سەر تاعەت لە ڕەمەزاندا ئەمانەن :

---

[٥] ( رواه البخاري ) .

[٦] ( **صالح الفوزان** : المفيد في مجالس شهر رمضان وأحكام الصيام وآدابه ، للعلامة الشيخ عبدالعزيز بن باز ، و يليه فتاوى الصيام ، لأصحاب الفضيلة : محمد بن صالح العثيمين ، صالح بن فوزان الفوزان ، ص : ٧٥ ) .

١ . ترسی خوای پاك وبیگەرد , و بیروباوەڕبوون بەوەی كە بەئاگایە لە هەموو كردار و گوفتار و نیەتێكی بەندەكانی , و بەوەش كە ڕۆژێك دێت كە موحاسەبەشی دەكات لەسەری , جا ئەگەر موسڵمان هەستی بەوە كرد ئەوا سەرقاڵ دەبێت بە تاعەتەوە و وازدەهێنێت لە تاوان و سەرپێچیەكان ، و دەست پێشخەری دەكات لە تەوبەكردن لە سەرپێچیەكانی .

٢ . زۆركردنی زیكر و یادی خوای پەروەردگار و قورئان خوێندن , چونكە ئەوە دڵ نەرم دەكات , هەروەكو خوای بالادەست ئەفەرموێ : ﴿ الَّذِينَ آمَنُوا وَتَطْمَئِنُّ قُلُوبُهُم بِذِكْرِ اللَّهِ أَلَا بِذِكْرِ اللَّهِ تَطْمَئِنُّ الْقُلُوبُ ﴾ ( الرعد : ٢٨ ) .

وە خوای گەورە ئەفەرموێ : ﴿ إِنَّمَا الْمُؤْمِنُونَ الَّذِينَ إِذَا ذُكِرَ اللَّهُ وَجِلَتْ قُلُوبُهُمْ ﴾ ( الأنفال : ٢ ) .

٣ . دووركەوتنەوەی لەو هۆكارانەی كە دڵ ڕەق دەكەن ، و دووری دەكەنەوە لە خوای گەورە , كە هەموو سەرپێچیەكان , و تێكەڵ بوونی خراپەكاران و خواردنی حەرام ، و بێئاگابوون لە زیكر و یادی خوای گەورە و سەیركردنی فیلمە خراپ و تێكدەرەكان .

٤ . مانەوەی ئافرەت لە ماڵەكەیدا و دەرنەچونی لێی , جگە لە زەرورەت نەبێت و لەگەڵ گەرانەوەی خێرا بۆی كە كارەكەی تەواوبوو .

٥ . خەوتن لەشەودا , چونكە یارمەتی زوو هەستان دەدات لە كۆتایی شەودا , وە كەم خەوتن لە ڕۆژدا بۆ ئەوەی بتوانێت نوێژەكانی لەكاتی خوێدا جێبەجێ بكات , و پڕكردنەوەی كاتەكانی بە ئەنجامدانی تاعەت .

٦ . پاراستنی زمان لەغەیبەت و هێنان و بردنی قسەی ئەم و ئەو بۆ یەكتر و ووتەی درۆ و قەدەغەكراو , و خۆخەریككردن بەزیكر [٧] .

---

[٧] ( صالح الفوزان : المفيد في مجالس شهر رمضان وأحكام الصيام وآدابه ، للعلامة الشيخ عبدالعزيز بن باز ، و يليه فتاوى الصيام ، لأصحاب الفضيلة : محمد بن صالح العثيمين ، صالح بن فوزان الفوزان ، ص : ٨٥ ) .

## ﴿ ئەو شتانەی بۆ ڕۆژووان دروستن و ڕۆژووش بـــەتـــاڵ نـــاكـــەنـــەوە ﴾

### ( ڕۆژووان و سیواك كردن )

**پرسیار : ئایا سیواك كردن دروستە بۆ ڕۆژووان ؟**

**وەڵام :** ڕۆژووان بۆی هەیە سیواك بكات ، لە هەر كاتێك كە ویستی هەبێت ، لە سەرەتای ڕۆژدا بێت یان لە كۆتاییدا ، لە بەر گشتێتی ئەم فەرموودەیەی پێغەمبەری خوا ﷺ كە فەرموویەتی : " لولا أن أشق على أُمتي لأمرتهم بالسواك عند كل صلاة " [٨] .

واتە : ئەگەر بە قورس و گرانی نەزانم لەسەر ئوممەتەكەم ، ئەوا فەرمانم پێ دەكردن بە سیواككردن لە كاتی هەموو نوێژێك ... هتد [٩] .

### ( حوكمی قوتدانی تف بۆ ڕۆژووان )

**پرسیار : ئایا لە ڕەمەزاندا لیك ڕۆژوو بەتاڵ دەكاتەوە یان نە ؟ لە كاتێكدا كە لیكێكی زۆرم بۆ دێت ، بەتایبەت ئەگەر بمەوێت قورئان بخوێنم و لە مزگەوتدا بم ، وە ئەم كارە زۆر ئیحراجم ئەكات ؟**

**وەڵام :** قووتدانی لیك لەلایەن ڕۆژووانەوە ڕۆژووەكەی بەتاڵ ناكاتەوە ، هەرچەندە زۆریش بێت ، بەڵام ئەگەر بەڵغەمێكی خەست و قورسی هەبوو ئەوا با قووتی نەداتەوە و بیكاتە ناو دەستەسڕێك ، یان هاوشێوەی ئەوە ، ئەگەر لە مزگەوتدا بووی( **اللجنة الدائمة** : فتاوى اللجنة الدائمة للبحوث العلمية والإفتاء : ج ١٠ : ص ٢٧٠ ) . [١٠] .

---

[٨] ( متفق عليه ) .

[٩] ( **محمد ناصرالدين الألباني** : مجموع فتاوى العلامة الألباني : ص٧٢ ) .

[١٠] ( **اللجنة الدائمة** : فتاوى اللجنة الدائمة للبحوث العلمية والإفتاء : ج ١٠ : ص ٢٧٠ ) .

( خۆشۆردن ڕۆژوو ناشكێنێت )

**پرسیار :** پێشەوای مزگەوت پێی ووتم : (( سەرشۆردن لە ڕەمەزاندا . واتە : لە ڕۆژانیدا . ڕۆژوو دەشكێنێت ، وە هۆكارەكەش لەم كارەدا ئەوەیە كە كونۆچكەكانی پرچ ( مووی سەر ، یان پێستی سەر ) ؟

**وەڵام :** شوردنی سەر و پرچ بۆ ڕۆژووان لە كاتی بە ڕۆژووبووندا ، ڕۆژوو بەتاڵ ناكاتەوە ئاویش ناڕواتە كونۆچكەكانی پرچ ، ئەو ووتەیەش هەڵەیە ، چونكە پێغەمبەری خوا ﷺ خۆی شۆردووە و بە ڕۆژووش بووە [11] .

( ڕشانەوە ڕۆژوو بەتاڵناكاتەوە ، ئەگەر بەئەنقەست نەبێت )

**پرسیار :** ڕۆژووانێك ڕشایەوە ، پاشان بەشێك لە ڕشانەوەكەی خواردەوە و قووتدا ، بەبێ هیچ مەبەستێك ، ئایا حوكمی چیە ؟

**وەڵام :** ئەگەر بە ئەنقەست ڕشاوەتەوە ، ئەوا ڕۆژووەكەی بەتاڵ بووەتەوە ، وە ئەگەر ڕشانەوە زۆری پێهێناوە و بە ناچاری ڕشاوەتەوە ، ئەوا ڕۆژووەكەی بەتاڵ نابێتەوە ، هەروەها بۆ قووتدانەوەكەشی ڕۆژووەكەی بەتاڵ نابێتەوە ، مادام بە ئەنقەشست نەبووە [12] .

**پرسیار :** ئایا قەزاكردنەوە پێویستە لەسەر ئەو كەسەی كە ڕشانەوە زۆری پێ دێنێت لە ڕۆژانی ڕەمەزاندا ؟

**وەڵام :** ڕۆژووەكەی بەتاڵ نابێتەوە و قەزاكردنەوەشی لەسەر پێویست نیە ، بە بەڵگەی ئەم فەرموودەیەی پێغەمبەری خوا ﷺ كە فەرموویەتی : " مَنْ ذَرَعَهُ الْقَيْءُ فَلاَ قَضَاءَ عَلَيْهِ ، وَمَنِ اسْتَقَاءَ فَعَلَيْهِ الْقَضَاءُ " [13] ،

---

[11] ( **اللجنة الدائمة** : فتاوى اللجنة الدائمة للبحوث العلمية والإفتاء : ج ١٠ : ص ٢٥٤ ) .

[12] ( **اللجنة الدائمة** : فتاوى اللجنة الدائمة للبحوث العلمية والإفتاء : ج ١٠ : ص ٢٥٤ )

واتە : هەر کەسێك ڕشانەوە زۆری پێ بێنێت و برشێتەوە قەزاکردنەوەی ڕۆژووەکەی لەسەر نیە , وە هەرکەسێك خۆی بڕشێنێتەوە ئەوا پێویستە لەسەری قەزای بکاتەوە [١٤] .

**( بەکارهێنانی بۆن دروستە بۆ ڕۆژووان )**

**پرسیار :** ئایا بەکارهێنانی ئەو بۆنە شلاوەی لە شووشەدایە ، ڕۆژوو بەتاڵ دەکاتەوە ، ئەگەر ڕۆژووان بیدات لە دەستەکانی یان دەم و چاوی و جەستە و جلوبەرگەکەی ؟

**وەڵام :** بەکارهێنانی بۆن لەسەر ئەو شێوەی کە باسکرا ، ڕۆژوو بەتاڵ ناکاتەوە [١٥] .

**( بڕینی پرچ و نینۆك کاریگەری لەسەر ڕۆژوو نیە )**

**پرسیار :** ئایا بڕینی پرچ و نینۆك ، لە کاتی بەڕۆژوو بوونی ڕۆژانی ڕەمەزاندا ، ڕۆژوو بەتاڵ دەکاتەوە ؟

**وەڵام :** بڕینی پرچ و نینۆك و هەڵکەندن و تاشینی مووی عەورەت ، هەموو ئەمانە ڕۆژوو بەتاڵ ناکەنەوە [١٦] .

**( هاتنی خوێن لە دانەکان ڕۆژوو بەتاڵناکاتەوە )**

**پرسیار :** ئایا ئەو خوێنەی لە دانەکانەوە بە نەزانی دەردەچێت ، ڕۆژوو بەتاڵ دەکاتەوە یان نە ؟ وە ئەگەر سەرچاوەکەی مرۆڤێکی تر بێت جگە لە خۆی . واتا : دەرچوونی

---

( [13] رواه الأمام أحمد وأهل السنن بإسناد صحيح ، وصححه العلامة الألباني في : صحيح سنن ابن ماجة ، برقم : ١٦٧٦ ، وصحيح تخريج حقيقة الصيام ص (١٤) ، والإرواء (٩٢٣) ، والتعليق على ابن خزيمة (١٩٦٠و١٩٦١) ، وصحيح أبي داود (2059) ) .

[١٤] ( **اللجنة الدائمة** : فتاوى اللجنة الدائمة للبحوث العلمية والإفتاء : ج ١٠ : ص ٢٥٥ ) .

[١٥] ( **اللجنة الدائمة** : فتاوى اللجنة الدائمة للبحوث العلمية والإفتاء : ج ١٠ : ص ٢٥٥ ) .

[١٦] ( **اللجنة الدائمة** : فتاوى اللجنة الدائمة للبحوث العلمية والإفتاء : ج ١٠ : ص ٢٥٥ ) .

خـوێنەکە بەهـۆی لێدانی کەسێکی ترەوە بێت . ، کـە بـە نـەزانیەوە لێی دابێت ؟ سودمەندمان بکەن خوای پەروەردگار پـاداشتی بە خێرتـان بداتـەوە .

**وەڵام :** ئەو خوێنەی کە لە نێوان دانەکانەوە دەردەچێت ، ڕۆژوو بەتاڵ ناکاتەوە ، جا ئەگەر لە خودی ڕۆژووانەکەوە بێت ، یان بەلێدانی بێت لەلایەن کەسێکی ترەوە [١٧] .

**پرسیار :** ڕۆژێك لـە ڕۆژەکانی ڕەمەزاندا ، چارەکە سەعاتێك پێش مەغریب بە دەستەسڕێك دانەکانم سڕی ، بەڵام خوێنیان لێهات ، ئەم کارەم بە ئەنقەست نەبوو ، وە مـاوەیەکە دووچـاری ئـەم نـەخۆشیەك بووم ، ئەویش ئەوەیە کاتێك ( سیواك ) بەکار دێنم خوێن لە دەم و دانەکانم دێت ، ئایا ڕۆژووەکەم تەواوە ؟

**وەڵام :** بـەڵێ ڕۆژووەکـەت تـەواوە و ئـەو خوێنـەش کـە لـە پێستی ددانی مرۆڤ دەردەچێ لـەکاتی سڕین و سیواك کردندا ، هیچ زیانێکی نییە بۆ ڕۆژووەکەت [١٨] .

**( لوت پژان خێری ڕۆژوو کەم ناکاتەوە )**

**پرسیار :** لە مانگی ڕەمەزاندا بە ڕۆژوو بووم و خوێن لە لووتم هات ، بەبێ ویستی خۆم . و چەند دڵۆپێك خوێنی لێ دەرچووە ، ئایا ئەمە لە خێری ڕۆژووەکەمی کەم نەکردووەتـەوە ؟ یـان بـەتاڵی نەکردووەتـەوە ؟ وە ئایا ڕۆژووی ئـەو ڕۆژەم تـەواوە و قەزاکردنـەوەیم لەسـەر پێویست نابێت ؟

**وەڵام :** ئەگـەر کارەکـە وایـە وەکـو باسـت کـردووە ، ڕۆژووەکـەت تـەواوە ، و قـەزا کردنـەوەت لەسـەر پێویسـت نیە ، و هـیچ لـە خێـری ڕۆژووەکەشـت کـەم نابێتـەوە و بـەتاڵی ناکاتەوە ( إن شاء الله ) [١٩] .

---

[١٧] ( **اللجنة الدائمة** : فتاوى اللجنة الدائمة للبحوث العلمية والإفتاء : ج ١٠ : ص ٢٦٧ ) .

[١٨] ( **اللجنة الدائمة** : فتاوى اللجنة الدائمة للبحوث العلمية والإفتاء : ج ١٠ : ص ٢١٣ ) .

[١٩] ( **اللجنة الدائمة** : فتاوى اللجنة الدائمة للبحوث العلمية والإفتاء : ج ١٠ : ص ٢٦٣ ) .

( حوكمی خواردن و خواردنەوە بۆ ڕۆژووان بە لەبیرچوونەوە )

**پرسیار :** ئەگەر مرۆڤ بە لەبیرچوون لەکاتی بە ڕۆژوو بوونی لە ڕەمەزاندا خواردن و خواردنەوەیەکی خواردەوە ، ئایا ڕۆژووەکەی بەتاڵ دەبێتەوە ؟ وە ئایا قەزاکردنەوەی لە سەر پێویستە یان نە ؟ وە ئایا ئەم فەرموودەیە پاڵپشتی تەواوەتی ڕۆژووەکەی دەکات ، کە پێغەمبەری خوا ﷺ تێیدا فەرموویەتی : " مَنْ أَكَلَ نَاسِيًا وَهُوَ صَائِمٌ فَلْيُتِمَّ صَوْمَهُ فَإِنَّمَا أَطْعَمَهُ اللَّهُ وَسَقَاهُ " [٢٠] ، واتە : ئەو کەسەی بە لەبیرچوونەوەوە خواردنی خوارد و بە ڕۆژووش بوو ، با ڕۆژووەکەی تەواو بکات و بەردەوام بێت لە سەری ، چونکە خوای پەروەردگار خواردن و خواردنەوەی پێ بەخشیوە .

یان ئەو فەرموودەیەی کە فەرموویەتی : (( رفع عن أمتي الخطأ والنسيان وما استكرهوا عليه )) [٢١] ، واتە : تاوانی بەهەڵەچوون و لەبیرچوون هەڵگیراوە لە سەر ئوممەتەکەم ؟

**وەڵام :** هەرکەسێك بە لەبیرچوونی لە ڕۆژووی ڕەمەزاندا هەر شتێکی خواردەوە ، ئەوا ڕۆژووەکەی بەتاڵ نابێتەوە و هیچ تاوانیشی لەسەر نیە ، و پێویستە لەسەری ڕۆژووی ئەو ڕۆژەی بباتە سەر و تەواو بکات ، و ڕۆژووەکەشی بەتاڵ نەبووەتەوە و قەزاشی لەسەر نیە ، لەسەر ڕای تەواوی زانایان ، وە ئیمامی شافیعی و ئیمامی ئەحمەدیش ڕایان بەم شێوەیە .

هەروەها ئیمامی بوخاری و ئیمای موسلیم لە پێغەمبەری خواوە ﷺ دەگێڕنەوە کە فەرموویەتی : " من نسي وهو صائم فأكل أو شرب فليتم صومه فإنما أطعمه الله وسقاه " ، واتە : هەرکەسێك بە ڕۆژوو بێت و لەبیری بچێت بخوات یان بخواتەوە ، ئەوا با ڕۆژووەکەی تەواو بکات و بیباتە سەر ، ئەوە خوای پەروەردگار خواردن و خواردنەوەی پێی داوە .

وە لە فەرموودەیەکی تردا هاتووە : (( إذا أكل الصائم ناسياً أو شرب ناسياً فإنما هو رزق شافه الله إليه ، ولا قضاء عليه )) [٢٢] ، واتە : ئەگەر ڕۆژووان لەبیری چوو کە بە ڕۆژووە ، و خواردن و

---

[٢٠] ( رواه البخاري ومسلم ) .

[21] صححه العلامة الألباني في صحيح سنن ابن ماجه ، برقم : ٢٠٤٣ ، و ٢٠٤٥ ، وفي المشكاة ( ٦٢٨٤ ) ، والإرواء ( 82 )، والروض النضير ( ٤٠٤. )

خواردنەوەی خواردەوە ، ئەوا ئەو خواردن و خواردنەوانە ڕۆزییەکە کە خوای گەورە پێی داوە و بۆی ناردووە ، قەزا کردنەوەشی لەسەر نیە [٢٣] .

( حوکمی دابەزینی خوێن یان زەرداو لە ئافرەت لە جگە لە کاتی حەیزدا )

**پرسیار :** پورێکم هەیە پاك بووەتەوە لە ڕەمەزاندا پێش دەرکەوتنی سپێدە و ڕۆژووی ئەو ڕۆژەی گرتووە ، پاشان قامەتی کرد بۆ کردنی نوێژی نیوەڕۆ ، کەچی لەو کاتەدا زەرداوێکی بینی ، ئایا ڕۆژووەکەی تەواوە ؟

**وەڵام :** ئەگەر پاکبوونەوەکەی پێش دەرکەوتنی سپێدە بووە ، و پاشان ڕۆژووی گرتووە ، ڕۆژووەکەی تەواوە و زەرداوەکە هیچ کاریگەریەکی نیە بۆی دوای بینینی پاکێتی ، لە بەر ئەم فەرموودەیەی ( أم عطية ) کە دەفەرموێت : ((كنا لا نعد الكدرة والصفرة بعد الطهر شيئاً )) [٢٤] .

**پرسیار :** ئەگەر لە ڕۆژی ڕەمەزاندا لە ئافرەت بەشێوەی چەند خاڵێکی سادە خوین دابەزێ و بەردەوام بێت لەگەڵیدا بە درێژایی مانگی ڕەمەزان ، و ئەم ئافرەتە بە ڕۆژوو بێت ، ئایا ڕۆژووەکەی دروست و تەواوە ؟

**وەڵام :** بەڵێ ڕۆژووەکەی تەواو و دروستە , وە سەبارەت بەو خوێنە شێوە خاڵەش هیچ نیە , چونکە خوێن بەربوونە , وە لە عەلی کوڕی ئەبو تاڵبەوە ﵁ دەگێڕنەوە کە فەرموویەتی : (( ئەو خاڵە وەکو خوێنی لووت وایە و خوێنی سوڕی مانگانە نیە )) ، بەم شێوەیە لییەوە دەگێڕنەوە ﵁ [٢٥] .

---

[٢٢] ( رواه الدار قطني وقال : إسناد صحيح ) .

[٢٣] ( **اللجنة الدائمة** : فتاوى اللجنة الدائمة للبحوث العلمية والإفتاء : ج ١٠ : ص ٢٦٩ ) .

[٢٤] **فەرموودەکە** : ( رواه البخاري ) ، **وە بۆ فەتواکەش بڕوانە** : ( **اللجنة الدائمة** : فتاوى اللجنة الدائمة للبحوث العلمية والإفتاء : ج ١٠ : ص ١٥٨ ) .

[٢٥] ( **محمد بن صالح العثيمين** : فتاوى المرأة المسلمة : ص ٧٩ ) .

( مانەوە بەلەشگرانیەوە تا کاتی دەرکەوتنی فەجری ڕاستگۆ )

**پرسیار** : ئایا ڕۆژووی کەسێك دروستە کە بەلەش گرانیەوە مابێتەوە ، تاکو کاتی درەکەوتنی فەجر ، بەبێ هیچ مەبەستێك بۆ ئەو لەش گرانییەی ؟

**وەڵام** : جێگیر بووە لە فەرموودەدا کە پێغەمبەری خوا ﷺ فەجری بەسەردا هاتووە و لەش گران بووە بە هۆی خیزانەکانیەوە , پاشان غوسلی کردوە و بەڕۆژوو بووە .

بەڵام لەبەر ئەوەی کە غوسڵکردن مەرجە بۆ تەواوی نویژکردن , بۆیە دروست نیە دوابخرێت بۆ ئەنجامدانی نوێژی بەیانی لەکاتی خۆیدا .

بەڵام ئەگەر لە خەودابوو بەخەبەر نەهات ئیللا لەکاتی جێشتەنگادا نەبێت لەو کاتەدا غوسل دەکات ، و نوێژی بەیانی دەکات ، و بەردەوام دەبێت لەسەر ڕۆژووەکەی .

وە هەروەها ئەگەر لە ڕۆژەکەیدا کە بەڕۆژوو دەبێت و خەوی لێدەکەوێت و بەخەوبینین لەش گران دەبێت , ئەوا غوسل دەکات بۆ نوێژی نیوەڕۆ , یان بۆ نوێژی عەسر و ڕۆژوەکەی تەواوە [٢٦] .

( لەشگران بوون لە ڕۆژانی ڕەمەزاندا )

**پرسیار** : ئەگەر ڕۆژووان لەشگران بوو لە ڕۆژانی ڕەمەزاندا , ئایا ڕۆژوەکەی بەتاڵ دەبێتەوە یان نە ؟ وە ئایا دەست پێش خەری دەوێت بۆ خۆشۆردن ؟

**وەڵام** : ئەگەر ڕۆژووان لەشگران بوو لە ڕۆژانی ڕەمەزاندا , ئەوا ڕۆژووەکەی تەواوە , و لەشگرانی هیچ کاریگەریەکی لەسەر ڕۆژووەکەی نیە , چونکە بەهەڵبژاردنی خۆی نیە , وە پێویستە لەسەری دەستپێشخەری لە خۆشۆردنەکەیدا بکات . خوای پەروەردگاریش زاناترە [٢٧] .

---

[٢٦] ( **عبدالله بن جبرين** : موسوعة الأحكام والفتاوى الشرعية : ص ٦٠٣ ) .

( بەکارهێنانی بەخاخی ڕەبوو و تەنگە نەفەسی بۆ ڕۆژووان )

**پرسیار :** لە هەندێك لە دەرمانخانەکاندا بەخاخێك هەیە تووشبوان بە نەخۆشی ڕەبوو ( تەنگە نەفەسی ) بەکاری ئەهێنن , ئایە دروستە ڕۆژووان بەکاری بهێنێت لەڕۆژی ڕەمەزاندا ؟

**وەڵام :** بەکارهێنانی بەخاخ دروستە بۆ ڕۆژووان ، جا ئەگەر ڕۆژووەکەی لە ڕەمەزان بێت یان جگە لە ڕەمەزان ، ئەوەش لەبەر ئەوەی کە بەخاخەکە ناگاتە گەدە ( مەعیدە ) ، و دەڕوات و دەگاتە سییەکان و دەیکاتەوە لە بەر ئەو تایبەت مەندییەی کە تێیدایە , و مرۆڤ بە هۆیەوە هەناسەیەکی ئاسایی دەدات دوای بەکارهێنانی , وە خواردن وخواردنەوەشی تێدا نیە , وە خواردن وخواردنەوەش نیە بگاتە گەدە ( مەعیدە ) .

وە ڕوون و ئاشکراشە کە بنەوا : تەواوی ڕۆژووەکەیە , تاکو بەڵگەیەك لە قورئان یان سوننەت هەبێت دیلالەت بدات لەسەر بەتاڵ بوونەوەی ڕۆژوەکە , یان یەك دەنگی زانایان یان قیاسیکی تەواوی لەسەر هەبێت [٢٨] .

( حوکمی تامکردنی خواردن بۆ ڕۆژووان )

**پرسیار :** ئایا دروستە کەسێك ئەگەر بە ڕۆژوو بێت تامی چێشتەکەی بکات بۆ دڵنیابوونی لەسەر تەواوی و ناتەواوی چێشتەکەی ؟

**وەڵام :** بەڵێ دروستە باتامی خواردن بکات و هیچی تێدانیە ، لە کاتی پێویستدا بۆ ئەوەی تام وخوێی و دژەکەشی بزانێ و بیخاتە سەر زمانی , بەڵام بەئاگابێت شتێکی لێ نەڕواتە قورگی , بەڵکو یەکسەر دەری بکات لەدەمی و بیتفێنێتەوە , بەم شێوەیە ڕۆژوەکە بەتاڵ نابێتەوە لەسەر ڕای هەڵبژاردە لە بۆچوونی زانایان . خوای پەروەردگاریش زاناترە [٢٩] .

---

[٢٧] ( **صالح الفوزان** : المفيد في مجالس شهر رمضان وأحكام الصيام وآدابه ، للعلامة الشيخ عبدالعزيز بن باز ، و يليه فتاوى الصيام ، لأصحاب الفضيلة : محمد بن صالح العثيمين ، صالح بن فوزان الفوزان ، ص : ٧٩ ) .

[٢٨] ( **محمد بن صالح العثيمين** : موسوعة الأحكام والفتاوى الشرعية : ص ٦٠٧ ) .

[٢٩] ( **عبدالله بن جبرين** : موسوعة الأحكام والفتاوى الشرعية : ص ٦١١ ) .

( حوکمی بەکارهێنانی کرێمی پێست بۆ ڕۆژووان )

**پرسیار :** ئایا ئەو جۆرە ڕۆنەی کە پێست تەڕ یان نەرم دەکاتەوە زەرەری بۆ ڕۆژوو دەبێت ، ئەگەر لەو جۆرانە بێت کە ڕێگر نین لە گەشتنی ئاو بۆ پێست ؟

**وەڵام :** چەورکردنی جەستە ( لەش ) بە ڕۆن لە کاتی پێویستیدا هیچی تێدا نیە لە کاتی بە ڕۆژووبووندا , چونکە چەوری تەنها ڕووکەشی پێست تەڕ دەکات و ناگاتە ناوەوەی لەش ( واتە : ناگاتە گەدە ) , وە ئەگەر ڕۆشتە کونۆچکەکانی پیستەوە ئەوە هەر بەتاڵکەرەوەی ڕۆژوو نیە [٣٠] .

( بەکارهێنانی سیواك لە ڕەمەزاندا )

**پرسیار :** کەسانێك هەن لە ڕۆژانی ڕەمەزاندا سیواك ناکەن . واتە : بەکاری ناهێنن . ، خۆیانی لێ دەپارێزن ، لە ترسی بەتاڵ بوونەوەی ڕۆژووەکەیان ، ئایا ئەمە دروستە ؟ وە باشترین کات بۆ سیواك کردن لە ڕەمەزاندا کامە ؟

**وەڵام :** خۆپارێزی لە سیواك کردن لە ڕۆژانی ڕەمەزاندا یان لە جگە لەو ڕۆژانە کە مرۆڤ تیایدا بە ڕۆژوو دەبێت هیچ ڕوویەکی شەرعی نیە ، چونکە سیواك سوننەتە هەروەکو چۆن هاتووە لە فەرموودەی صەحیحدا : " السواك مطهرة للفم مرضاة للرب " [٣١] ، واتە : پاك کەرەوەیە بۆ دەم و ڕازیکاری پەروەردگارە .

وە لە شەرعدا هاتووە کە بەکارهێنانی سوننەتە ، بەتایبەت لەکاتی : دەستنوێژ و نوێژ و هەستان لەخەو و لەکاتی سەرەتای چوونەوە بۆ ماڵ ، وە لەکاتی ڕۆژوو و جگە لەویش ... هتد [٣٢] .

---

[٣٠] ( **عبدالله بن جبرين** : موسوعة الأحكام والفتاوى الشرعية : ص ٦٠٧ ) .

[٣١] ( صححه العلامة الألباني في : صحيح الترغيب والترهيب برقم : ٢٠٩ ، وصحيح الجامع الصغير برقم : ٣٦٩٥ ).

[٣٢] ( **محمد بن صالح العثيمين** : موسوعة الأحكام والفتاوى الشرعية : ص ٦٠٩ ) .

**( بەكارهێنانی قەترە ڕۆژوو بەتاڵ ناكاتەوە )**

**پرسیار : لە كتێبی ( الضياء اللامع ) لە ووتارێكی تایبەت بەمانگی ڕەمەزان و ئەوەی كە پەیوەستە بە ڕۆژووەوە هاتووەوە ئەمەش دەقەكەیەتی : (( هەروەها كەسێك كە ڕشانەوە زۆری پێ بێنێت و بڕشیتەوە ڕۆژوەكەی بەتاڵ نابێتەوە و ناشكێ , وە ئەگەر چارەسەری چاو و گوێی بكات یان قەترەی تێبكات ناشكێ و بەتاڵ نابێتەوە )) بۆچوونی ئێوە چیە لە مەدا ؟**

**وەڵام : ئەوەی كە دەووترێت : بۆ چارەسەركردن كەسێك قەترە بكاتە چاوی یان گوێی بەوە ڕۆژووەكەی بەتاڵ نابیتەوە ، بۆچوون و ووتەیەكی ڕاست و دروستە , چونكە ئەو كارە پێی ناوترێت خواردن یان خواردنەوە ، نە لە عادەت وعورفی گشتیدا ، نەش لە زمانی شەرعدا , وە لەبەر ئەوەی قەترەكە دەچێتە ناو ڕێرەوی نائاسایی كە بۆ خواردن و خواردنەوە دانەنراوە , وە ئەگەر قەترە تێكردنەكەی دوابخات بۆ شەو ئەوە باشترە بۆی بۆ خۆرزگاركردن لەو جیاوەزییەی كە لەم باسەدا هەیە , وە هەروەها كەسێك كە ڕشانەوە زۆری پێ بینێ و بڕشێتەوە ، ڕۆژووەكەی بەتاڵ نابیتەوە بەو دەرچوونە ، چونكە خوای گەورە زۆر لە هیچ نەفسێك ناكات جگە لەوەنەبێت كە لە توانایدا هەیە , وە شەریعەتی پیرۆزیش فەرمان بە لەسەرهەڵگرتنی ناڕەحتی دەكات لەبەر ئەم ئایەتەی خوای بالادەست :** ﴿ وَمَا جَعَلَ عَلَيْكُمْ فِي الدِّينِ مِنْ حَرَجٍ ﴾ ( الحج : ٧٨ ) ، **واتە : خوای پەروەردگار لە ئاین و بەرنامەكەیدا هیچ جۆرە شتێكی ناڕەوا و قورس وگرانی لەسەر دانەناون ، و جگە لەم بەڵگەیەش , وە لەبەر ئەم فەرموودەی پێغەمبەری خوا ﷺ :** " مَنْ ذَرَعَهُ الْقَيْءُ فَلاَ قَضَاءَ عَلَيْهِ ، وَمَنِ اسْتَقَاءَ فَعَلَيْهِ الْقَضَاءُ " [٣٣] ، **واتە : هەر كەسێك ڕشانەوە زۆری پێ بێنێت و بڕشێتەوە قەزاكردنەوەی ڕۆژووەكەی لەسەر نیە , وە هەركەسێك خۆی بڕشێنێتەوە ئەوا پێویستە لەسەری قەزای بكاتەوە** [٣٤] .

---

[٣٣] ( رواه الأمام أحمد وأهل السنن بإسناد صحيح ، وصححه العلامة الألباني في : صحيح سنن ابن ماجة ، برقم : ١٦٧٦ ، وصحيح تخريج حقيقة الصيام ص (١٤) ، والإرواء (٩٢٣) ، والتعليق على ابن خزيمة (١٩٦٠و١٩٦١) ، وصحيح أبي داود (٢٠٥٩) .

[٣٤] ( **اللجنة الدائمة** : موسوعة الأحكام والفتاوى الشرعية : ص ٥٩٥ ) .

( دەرزی دان لە ڕۆژانی ڕەمەزاندا )

**پرسیار :** ئایا دەرزی دان لە ڕۆژانی ڕەمەزاندا . بۆ چارەسەرکرن . هیچ کاریگەریەکی لەسەر ڕۆژووی ڕۆژووان هەیە ؟

**وەڵام :** ئەو دەرزیەی کە بۆ چارەسەرە دوو جۆرە :

**جۆری یەکەمیان :** مەبەست پێی خۆراك پێدانە ( مغذي ) : بەوەش دەرزی لێدراوەکە پێویستی بەخواردن و خواردنەوە نابێت , چونکە لەجیاتی خواردن پێدانە ، بۆیە ڕۆژوو دەشکێنێت ، چونکە دەقە شەرعییەکان ئەگەر ئەو واتایەی کە دەیگرنەوە هەبێت لە شێوە و شێوازیکی تر حوکمی هەمان شێوەی بەسەردا دەدرێت کە لە دەقەکەدا هاتووە .

**جۆری دووەمیان :** کە بریتیە لەو دەرزیانەی کە خواردن بەخش نین یان واتە : بەبوونیان بێ پێویست نابین بە خواردن و خواردنەوە ، ئەم جۆرە دەرزیانە ڕۆژوو بەتاڵ ناکەنەوە ، چونکە دەقە شەرعییەکان نە بە گۆ ( لفظ ) و نەش بە واتا نایانگرێتەوە , بۆیە ئەو دەرزیانە نەخواردن وخواردنەوەیە ، نەش بەواتای خواردن وخواردنەوە دێن ، بنەواش تەواوی ڕۆژووە تاکو بەتاڵ کەرەوەیمان لەلا جێگیر دەبێت ، بەپێی بەڵگەی شەرعی [٣٥] .

( خواردنی حەب لە مانگی ڕەمەزان بۆ ڕێگرتن

لە کەوتنە سوڕی مانگانە بۆ گرتنی مانگەکە بە تەواوی )

**پرسیار :** ئایا دروستە ئافرەت عیلاج و چارەسەر بەکاربهێنێت بۆ بەرگری کردن لە سوڕی مانگانە لە ڕەمەزاندا یان نە ؟

**وەڵام :** دروستە ئافرەت عیلاج و چارەسەر بەکار بهێنێت بۆ بەرگری کردنی لە سوڕی مانگانە لە ڕەمەزاندا ئەگەر کەسانی پسپۆڕ و خاوەن زانیاری و متمانەپێکراو لەپزیشك و ئەوانەی کە لە حوکمی ئەواندان کە ئەم کارە زەرەر لە ئافەرت نادات , و هیچ کاریگەری نیە لەسەر مناڵدانی ، و

---

[٣٥] ( **محمد بن صالح العثيمين** : موسوعة الأحكام والفتاوى الشرعية : ص ٦٠٦ ) .

باشتریش وایە دەست هەڵگرێ لەم کارە , چونکە خوای گەورە ڕۆژوو نەگرتنی بۆی کردوە بە ڕوخسەتێك , ئەگەر سوڕی مانگانەی بۆ هات لە ڕەمەزاندا , وە ڕازیشە بەم کارە کە ئایینە [٣٦] .

( چی پێویستە بۆ ڕۆژووان و چیشی لەسەر پێویستە )

**پرسیار** : چی باشە بۆ ڕۆژووان بیکات ، و چیش پێویستە لە سەری ؟

**وەڵام** : باش وایە ڕۆژووان هەموو ئەوانە بکات کە گوێڕایەڵی خوای پەروەردگارن ، و دووربکەوێتەوە لە هەموو ئەو شتانەی کە نەهییان لەسەرە , وە پێویستە لەسەری کە پارێزگاری

---

[٣٦] ( **اللجنة الدائمة** : فتاوى المرأة المسلمة ، لجمع من العلماء : ص ٥٦ ) .

**خوشکی بەڕێزم بزانە کە** : سەرەڕای ئەم بۆچوونە هەندێك لە زانایان پێیان وایە کە بەگشتی ئافرەتان بەو کارە هەڵنەستن ، لەوانەش پێشەوا ( ابن عثيمين ) . بە ڕەحمەت بێت . هەروەك لە وەڵامی ئەم پرسیارەدا دەردەکەوێت ، **پرسیار** : هەندێك لە ئافرەتان لە ڕەمەزاندا بەئەنقەست حەب دەخۆن لەبەر ڕێگری کردن لەسوڕی مانگانەیان ، چونکە حەزدەکەن و وادەکەن بۆ ئەوەی دوای قەرزارنەبن و قەرزنەدەنەوە ئایا ئەمە دروستە ؟ وە ئایا هیچ مەرجێك لەوەدا هەیە کە ئافرەتان پابەندبن پێوەی بۆ ئەنجامدانی ؟

**وەڵام** : ئەوەی کە دەیبینین لەم باسەدا ئەوەیە کە ئافرەتان ئەم کارە نەکەن ، و بمێننەوە لەسەر ئەوەی کە خوا قەدەری کردوە و نوسیویەتی لەسەر کچانی ئادەم کە وابن ، وە ئەم سوڕی مانگانەیە خوای پەروەردگار حیکمەتیکی داناوە لە بوون ورودانیدا , وە ئەم حیکمەتەش گونجاوە لەگەڵ سروشتی ئافرەتدا , جا ئەگەر هاتوو ئەم سووڕەیە ڕێگری لێکرا ئەوا بێگومان کاردانەوەیەکی زیانبەخشی دەبێت لەسەر ئافرەت , هەروەکو پێغەمبەری خوا ﷺ ئەفەرموویێت : " لا ضرر ولا ضرار " ، واتە : زیان دان و زیان گەیاندن دروست نیە .

ئەمەش دوور لەو زیانانەی کە ئەم جۆرە حەبانەی بەڕەحمی دەگەیەنن , هەروەکو پزیشکەکان باسی دەکەن و دەیلێن , کەوابوو ئەوەی کە دەیبینم لەم مەسەلەیەدا ئەوەیە کە ئافرەتان ئەم حەبانە بەکارنەهینن ، و شوکر و سوپاس بۆ خوا لەسەر قەدەری و لەسەر دانایی ، ئەگەر سوری مانگانەی بۆهات وازئەهینێ لە نوێژ و ڕۆژوو , وە کە پاکبویەوە نوێژ و ڕۆژوو دەست پێدەکاتەوە , وە ئەگەر ڕەمەزان تەواوبوو ئەو ڕۆژووانەی دەگێڕێتەوە کە نەیگرتوون . ( **محمد بن صالح العثيمين** : موسوعة الأحكام والفتاوى الشرعية : ص ٥٩٦ ) ( **مامۆستا عدنان بارام** ) .

بکات لەو شتانەی کە پێویستە لەسەری ، و دوور بکەوێتەوە لەو شتانەی کە حەرامن , پێنج نوێژە فەرزەکانی بکات لەکاتی خۆیدا بە جەماعەت , دووربکەویتەوە و وازبێنێت لە درۆ و غەیبەتکردن و غەش و موعامەلاتە ڕیبەوییەکان ، و هەموو گوفتار و کردارێك کە حەرامن , پێغەمبەری خوا ﷺ ئەفەرمویٚ : " من لم يدع قول الزور والعمل به ، فليس لله حاجة أن يدع طعامه وشرابه " [٣٧] ، واتە : هەرکەسێك واز لە ووتەی درۆ و کردارپێکردنی نەهێنێت ئەوا خوای پەروەردگار هیچ پێویستی بە وازهێنانی ئەو نیە لە خواردن و خواردنەوە [٣٨] .

## ﴿ بەربانگکردن ﴾

### ( پەلەکردن لە بەربانگدا )

**پرسیار :** ئایە سوونەتە پەلەکردن لە بەربانگدا ( واتە : لە کاتی فتار کردنەوە . یان لە کاتی ڕۆژوو شکاندندا ) ؟

**وەڵام :** پێغەمبەری خوا ﷺ ئەگەر بە ڕۆژوو بوایە ، فەرمانی بە پیاوێك ئەکرد کە بڕواتە سەر بەرزییەك ، جا ئەگەر ئەو کەسە پێی ڕابگەیاندایە کە : خۆر ئاوا بووە ، ئەوا یەکسەر ڕۆژووەکەی دەشکاند [٣٩] .

لەم فەرموودەدا دەبینین پێغەمبەری خوا ﷺ گرنگی بەپەلەکردن دەدا لەبەربانگ کردندا دوای دڵنیابوونی لە خۆرئاوا بوون ، و ڕاستەوخۆ فەرمانی بەو کەسە دەکرد کە دەڕۆیشتە سەر شوێنێکی بەرز و هەواڵی پیٚ دەدات بە خۆرئاوا بوون کە بەربانگ بکات ، ئەو کردارەش لە پێغەمبەری خواوە ﷺ تەنها بۆ جێبەجێکردنی ئەو فەرموودەیە : " لا

---

[٣٧] ( رواه البخاري ) .

[٣٨] ( **محمد بن صالح العثيمين** : موسوعة الأحكام والفتاوى الشرعية : ص ٥٩٥ ) .

[39] ( صححه العلامة الألباني في السلسلة الصحيحة ، برقم : ٢٠٨١ ، وقال : وفي الحديث اهتمامه ﷺ بالتعجيل بالإفطار بعد أن يتأكد ﷺ من غروب الشمس فيأمر من يعلو مكانا مرتفعا فيخبره بغروب الشمس ليفطر ﷺ وما ذلك منه إلا تحقيقا منه لقوله ﷺ : لا يزال الناس بخير ما عجلوا الفطر . متفق عليه وهو مخرج في الإرواء ٩١٧. )

یزال الناس بخير ما عجلوا الفطر " [٤٠] ، واتــە : خـەڵكی بــەردوامن لــەسەر خێـر و چاكـە ، تـاكو پەلە بكەن لە بەربـانگ كــردنەوەدا [٤١] .

## ﴿ ئەو شتانەی بۆ ڕۆژووان نادروستن لە ڕەمەزاندا بەڵام ڕۆژوو بەتاڵ ناكەنەوە ﴾

( جنێودان قسە پێكردن لەلایەن ڕۆژووانەوە )

**پرسیار :** ئەگەر مرۆڤ لە ڕەمەزاندا تووڕە بوو لـە شتێك و لـە حاڵـەتی تووڕە بوونەكـەی قسـەی كرد و جنێویدا ئایە ڕۆژووەكەی بەتاڵ دەبێتەوە یان نە ؟

**وەڵام :** نـەخێر ئـەوە ڕۆژووەكـەی بـەتاڵ ناكاتـەوە ، بـەڵام لـە پاداشـتەكەی كـەم دەكاتـەوە ، كەوابوو پێویستە لەسەر موسڵمان بتوانێت زاڵبێت بەسەر دەروونی خۆیدا و زمانیشی بپارێزی لە قسەی خراپ كردن و غەیبەت و قسەهێنان و بردن و هاوشێوەی ئەوانە ، كە خوای گەورە قەدەغەی كردوون لە سەر ڕۆژووان و جگە لەوانەش ، وە لە كاتی ڕۆژوودا دەبێت زیاتر ئاگای لـە خۆی بێت و خۆی توونـد و تۆڵتر و دڵنیاتر بكات ، ئەوەش بۆ پارێزگاری كردنی لەسەر تەواوی ڕۆژووەكەی و دووركەوتنـەوە لـە ئـازاردانی خـەڵكی ، گـەر وا نـەبێت ، خـۆی دەكاتـە هۆكارێـك بـۆ ئـاژاوەگێڕی و ڕقلێبوونەوە و جیاوازی ، لە بەر ئەم فەرموودەی پێغەمبەری خوا ﷺ كە فەرموویـەتی : " فإذا كان يوم صوم أحدكم فلا يرفث يومئذٍ ، ولا يسخب ، فإن سابه أحدٌ أو قاتله ، فليقل : إني أمرؤ صائم " [٤٢] ، واتـە

---

[٤٠] ( متفق عليه ) .

[٤١] ( **محمد ناصرالدين الألباني** : مجموع فتاوى العلامة الألباني : ص ٦٨ ) .

[٤٢] ( متفق عليه ) .

: ئەگەر كەسێك لە ئێوە بەڕۆژوو بوو ، با نە قسەی ناشرین و هات و هاوار بكات ، وە ئەگەر كەسێك جنێوی پێ دا و شەڕی لە گەڵدا كرد ، با بڵێت : من كەسێكی بەڕۆژووم (٤٣) .

**پرسیار** : ئایا قسەی ناشیرین و جنێودان ڕۆژوو بەتاڵ دەكاتەوە ؟

**وەڵام** : قسەی ناشیرین و جوێن دان دروست نیە ، نە بۆ ڕۆژووان و نەش بۆ جگە لەوان ، بەڵام زیاتر حەرامە بەنیسبەت ڕۆژووانەوە ، وە ئەگەر ئەم كارەی كرد و بەڕۆژوو بوو ، ئەوا ڕۆژووەكەی بەتاڵ نابێتەوە ، بەڵام پێی تاوانبار دەبێت (٤٤) .

**( حوكمی گاڵتە و گەپ و یاریكردن لە ڕۆژانی ڕەمەزاندا )**

**پرسیار** : ئایە گاڵتە و گەپ و یاریكردن دروستە لە ڕۆژانی ڕەمەزاندا ؟

**وەڵام** : پێویستە بۆ ڕۆژووان خۆی بپارێزێ لە گاڵتە و گەپ یاریكردن ، وە لە خوای گەورە نزیك بێتەوە بە ئەنجامدانی فەرمانەكانی و دووركەوتنەوە لەو شتانەی كە نەهی لێكردوون ، وە دوور بكەوێتەوە لە هەموو ئەو شتانەی كە خوای پەروەردگار لەبیر دەبەنەوە (٤٥) .

**( زیادڕەوی كردن لە ئامادەكردنی خواردن و خواردنەوە )**

**پرسیار** : ئایا زیادەڕەوی كردن لە ئامادەكردنی خواردن بۆ ڕۆژووشكاندن لە پاداشتی ڕۆژوەكە كەم ئەكاتەوە ؟

**وەڵام** : لە پاداشتی ڕۆژوو كەم ناكاتەوە ، كرداری حەرام لەدوای تەواوبوونی ڕۆژوو لە پاداشتی كەم ناكاتەوە , بەڵام ئەمە ئەم ئایەتە دەیگرێتەوە كە دەفەرموێ : ﴿ وَكُلُوا وَاشْرَبُوا وَلَا تُسْرِفُوا إِنَّهُ لَا يُحِبُّ الْمُسْرِفِينَ ﴾ ( الأعراف : ٣١ ) ، واتە : بخۆن وبخۆنەوە و زیادەڕەوی تێدا مەكەن , چونكە خوای پەروەردگار زیادەڕەوی كارانی خۆش ناوێت .

---

(٤٣) ( **اللجنة الدائمة** : فتاوى اللجنة الدائمة للبحوث العلمية والإفتاء : ج ١٠ : ص ٣٣٢ ) .

(٤٤) ( **اللجنة الدائمة** : فتاوى اللجنة الدائمة للبحوث العلمية والإفتاء : ج ١٠ : ص ٢٨١ ) .

(٤٥) ( **اللجنة الدائمة** : فتاوى اللجنة الدائمة للبحوث العلمية والإفتاء : ج ١٠ : ص ٢٨١ ) .

کەوابوو خودی زیادەڕەوی حەرامە , و دەست گرتنەوە و زیادەڕەوی نەکردن نێوەی مەعیشەتە , وە ئەگەر زیادە لەژێر دەستتان هەیە بیبەخشن وبیکەن بەصەدەقە , چونکە ئەوە باشترە [٤٦] .

## ﴿ ئەو شتانەی بۆ ڕۆژووان نادروستن لە ڕەمەزاندا و ڕۆژووش بەتاڵ دەکەنەوە ﴾

### ( حوکمی جووت بوونی ڕۆژوان لە ڕۆژانی مانگی ڕەمەزاندا )

**پرسیار :** حوکمی جوت بوون چیە لە ڕۆژانی ڕەمەزاندا , وە حوکمی چیە ئەگەر لە شەودا بێت ، بەڵام خۆشۆردن ( غوسڵ ) ەکەی دوابخرێت بۆ دوای سپێدە ؟

**وەڵام :** جوت بوون لە ڕۆژانی ڕەمەزاندا بۆ ڕۆژووان حەرامە , و تاوانێکی گەورەی تیایە و چەند شتێك لەخۆ دەگرێت :

١ . ڕۆژوی ئەو ڕۆژەی بەتاڵ دەبێتەوە .

٢ . تاوان بارێکی گەورە دەبێت بەئەنجامدانی ئەو کارە .

٣ . پێویستە لەسەری قەزای ئەو ڕۆژەی کە ئەو کارەی تێدا ڕوویداوە بکاتەوە .

٤ . کەففارەی لەسەر پێویست دەبێت کە ئەوەش وەکو کەففارەی ( الظهار ) ە کە بریتیە لە ڕزگارکردنی بەندەیەك , ئەگەر نەبوو ڕۆژووی دوومانگی لەسەر یەك ، وە ئەگەر نەیتوانی خواردنی شەست هەژار دەدات . ئەمەیە پێویست لەسەری .

وە سەبارەت بەجووت بوون لەشەودا و دواخستنی خۆشۆردنی بۆ دوای سپێدە ڕۆژوەکەی تەواوە , وە دروستە بۆی بە ڕۆژوو بێت بەلەش گرانیەوە , پاشان خۆی بشوات ، ئەگەرچی دوای دەرکەوتنی سپێدەش بێت , ئەوە نەبێت کە باشتروایە دەست پێشخەری بکات لە خۆشۆردنەکەیدا

[٤٦] ( **محمد بن صالح العثيمين** : موسوعة الأحكام والفتاوى الشرعية : ص ٥٩٦ ) .

پێش سپێدە بۆ دەرچون لەجیاوازی , بەڵام ئەگەر لەتەنگی کاتدا بوو , یان بەخەبەر نەهات ئیللا دواکەوت بۆ کاتی سپێدە , و دوای ئەوەی خۆی دەشوات لەوەشدا هیچی لەسەر نیە , چونکە بەجێگیری هاتوە کە پێغەمبەری خـوا ﷺ : " كان تدركه الصلاة ، وهو جنب من غير احتلام ، ثم يغتسل بعد ذلك . عليه‌السلام . " [٤٧] ، واتە : کاتی نوێژی بەسەردا دەهـات ولـەش گـران بـوو لـە جگە لە لەشگران بوون بەخەو ( احتلام ) . واتـە : بـە هـۆی خێزانەکـانیەوە . و بـەڕۆژوو دەبـوو پـاشان . عليه‌السلام . خـۆی دەشـۆرد لـەدوای ئـەوە [٤٨] .

## ﴿ ئەو شتانەی کە نابنە عوزر و بەهانە بۆ نەگرتنی ڕۆژوو لە ڕەمەزاندا ﴾

### ( تاقیکردنەوە قوتابخانەییەکان )

**پرسیار :** من قوتابیم لە ساڵی سێیەمی قۆناغی ناوەندی ، . بە ویستی خوا . تاقیکردنەوەی کۆتایی ئەم ساڵ لە مانگی ڕەمەزاندا دەبێت ، لە ڕۆژانی تاقیکردنەوەدا . هەروەکو دەزانن . قوتابی پێویستی بە توانا و هەوڵ و تێکۆشان دەبێت ، لە کاتێکدا کە تاقیکردنەوەکان بە دوای یەکدا دێن و ڕۆژ لە دووای ڕۆژە ، و واش دەبینم ڕۆژوو پێویستی بە بەشێك لە حەوانەوە و خەو دەبێت ، ئایا ڕۆژوو نـەگرتن دروسـتە لـە ڕۆژانـی تاقیکردنـەوەدا ، پاشـان و دوای ئـەوە لـە ڕۆژانـی تـردا بیگەڕێنینەوە ( قەزای بکەینەوە ) ؟

**وەڵام :** ڕۆژوو نەگرتن لەبەر ئەوەی کە باسکرا دروست نیە ، بەڵکو ئەو کارە حەرامە ، چونکە تاقیکردنـەوە لـەو عـوزر و بەهانانـە نـاژمێردرێ کـە ڕێ دەدرێـت بـە ڕۆژوو نـەگرتن تیایانـدا لـە ڕەمەزاندا [٤٩] .

---

[٤٧] ( رواه البخاري ومسلم )

[٤٨] ( **صالح الفوزان** : المفيد في مجالس شهر رمضان وأحكام الصيام وآدابه ، للعلامة الشيخ عبدالعزيز بن باز ، و يليه فتاوى الصيام ، لأصحاب الفضيلة : محمد بن صالح العثيمين ، صالح بن فوزان الفوزان ، ص : ٨٠ . ٨١ ) .

[٤٩] ( **اللجنة الدائمة** : فتاوى اللجنة الدائمة للبحوث العلمية والإفتاء : ج ١٠ : ص ٢٤٠ ) .

**پرسیار** : ( أ ) . ئایا تاقیکردنەوە بەهانە و عوزرێکە کە ڕۆژوو نەگرتن حەڵاڵ بکات لە ڕەمەزاندا ؟ چونکە هەندێك فەتوا بڵاوبووەتەوە لە ناوماندا باس لە حەڵاڵکردنی ڕۆژوو نەگرتن دەکات لە ڕەمەزاندا بۆ کەسێك کە بترسێت بیری پەرتەوازە بێت و تەرکیزی نەمێنێت !!!

(ب) . ئایا دروستە گوێڕایەڵی دایك و باوك بۆ ڕۆژوو نەگرتن ، لە ئەنجامی بیستنیان بۆ ئەو فەتوایانەی کە ڕێگە دەدەن بە ڕۆژوو نەگرتن ؟

داوا لە بەڕێزتان دەکەین ، کە زوو وەڵاممان بدەنەوە لەبەر گشتی ئەو ئاشووبەی کە بەو فەتوایە کەوتووەتەوە ، و خوای گەورە پاداشتی بە خێرتان بداتەوە ؟

**وەڵام :**

( أ ) ـ تاقیکردنەوە قوتابخانەییەکان و هاوشێوەکانی ، بە عوز و بەهانەیەك ناژمێردرێ بۆ ڕێگەدان بە ڕۆژوو نەگرتن لە ڕۆژانی ڕەمەزاندا .

(ب) . دروست نییە گوێڕایەڵی دایك و باوك لە نەگرتنی ڕۆژوو بۆ تاقیکردنەوە ، چونکە گوێڕایەڵی نیە بۆ دروستکراو کە سەرپێچی دروستکاری تیا بێت ، بەڵکو گوێڕیەڵی تەنها لە ئیشی خێر و چاکەکاری دایە ، هەروەکو لەو بارەوە فەرموودەی ( صحیح ) هاتووە لە پێغەمبەری خواوە ﷺ [٥٠] .

## ﴿ قەزاکردنەوەی ڕۆژوو ﴾

**( ئەو کەسەی قەزاکردنەوەی ڕەمەزان دوا دەخات بۆ ڕەمەزانەکەی تر )**

**پرسیار** : کەسێك قەرزی ڕەمەزانی دوابخات بۆ ڕەمەزانی تر چی لەسەرە ؟

---

[٥٠] ( **اللجنة الدائمة** : فتاوى اللجنة الدائمة للبحوث العلمية والإفتاء : ج ١٠ : ص ٢٤٠ ) .

**وەڵام :** ئەگەر لەبەر عوزر و بیانوویەك بوو بێت ، وەكو ئەوەی یانزە مانگ نەخۆش بێ و لەسەر جێگە كەوتبێت و نەیتوانیبێت ئەو ماوەیە ڕۆژوو بگرێت ، هیچی لەسەر نیە جگە لە ڕۆژوەكەی نەبێت .

وە ئەگەر كەم تەرخەمی كردبێت ، وپشت گوێی خستبێ وتوانیبێتی بیگرێ ، ئەوا پێویستە لەگەڵ قەزاكردنەوەی ڕۆژووەكەی خواردنی هەژارێك بدات ، ئەوەش كەفارەتی كەمتەرخەمیەتی [٥١] .

**( حوكمی قەزا نەكردنەوەی ڕۆژوو بەهۆی نەزانینەوە )**

**پرسیار :** ئافرەتێكی گەورە كە تەمەنی گەیشتبێتە (٦٠) شەست ساڵ ، و نەزانبووە بە حوكمەكانی سووڕی مانگانەكەی ، و ڕۆژووی ڕەمەزانی قەزا نەكردووەتەوە ، وا گومانی كردووە كە قەزا ناكرێتەوە ، بەپێی ئەوەی كە لە دەمی خەڵكی بیستووە ؟

**وەڵام :** پێویستە تۆبە بكات لەو كارەی و بگەڕێتەوە بۆ لای خوا ، چونكە پرسیاری نەكردووە لە كەسێكی زانا و شارەزا لە زانستی شەرعی ، و پێویستە لەسەری قەزای ئەو ڕۆژووانە بكاتەوە ، بەپێی زۆرینەی ئەوەی كە گومانی بۆی دەڕوات لە ژمارەی ڕۆژەكانی ، وە بۆ هەموو ڕۆژێك كە ڕۆژووی نەگرتووە ، ئەگەر تواناى هەیە خواردن بدات ، خواردنی هەژارێكیش ( نیو صاع ) ە كە دەكاتە دوو كوێل لە ( گەنم ) ، یان ( خورما ) یا ( برنج ) یاخود جگە لەمانە لە خواردنی دانیشتووانی شوێنەكەی . ئەگەر ناتوانێت خواردن بدات ، ئەوا لەسەری دەكەوێت و قەزا كردنەوەی ڕۆژووەكەی بەسە [٥٢] .

---

[٥١] ( **عبدالله بن جبرين** : موسوعة الأحكام والفتاوى الشرعية : ص ٦١٢ ) .

[٥٢] ( **اللجنة الدائمة** : فتاوى اللجنة الدائمة للبحوث العلمية والإفتاء : ج ١٠ : ص ١٥١ ) .

( قەزاکردنەوەی ڕۆژووی ڕەمەزان بەبێ پرسپێکردنی مێرد )

**پرسیار :** حوکمی ئەو ئافرەتە چیە ، کە دوو ڕۆژ ڕۆژووی بەبێ ڕوخسەت وەرگرتن لە مێردەکەی گرتبێت ، واتە : ( بەبێ زانیاری هاوسەرەکەی ) ، لە کاتێکدا کە ئەم ڕۆژووە قەزاکردنەوەی ڕۆژووی مانگی ڕەمەزانی پیرۆز بێت ، ئافرەتەکە لە کاتی ڕۆژووەکەیدا شەرم بکات کە هەواڵ بدات بە مێردەکەی ، جا ئەگەر دروست نیە ، ئایا کەفارەتی لەسەرە ؟

**وەڵام :** پێویستە لەسەر ئافرەت قەزای ئەو ڕۆژووانەی بکاتەوە کە نەیگرتووە لە ڕۆژانی ڕەمەزاندا ، ئەگەر بەبێ زانیاری مێردەکەشی بووبێ ، مەرج نییە بۆ ڕۆژووی فەرز لەسەر ئافرەت مۆڵەت لە مێردەکەی وەرگرێت ، کەوابوو ڕۆژووی ئەو ئافرەتەی کە باسکرا تەواوە .

بەڵام سەبارەت بە ڕۆژووی جگە لە فەرز ، نابێت ئافرەت ڕۆژوو بگرێت لە کاتی ئامادەبوونی مێرەکەی لە ماڵدا ، مەگەر یارمەتی لە پیاوەکەی وەرگرتبێت ، چونکە پێغەمبەری خوا ﷺ ڕێگەی نەداوە بە ئافرەت کە ڕۆژوو بگرێت و مێردەکەی ئامادە بێت ، مەگەر مۆڵەتی لە پیاوەکەی وەرگرتبێت ، جگە لە ڕەمەزان [٥٣] .

( هاتنی سوڕی مانگانە پێش خۆرئاوابوون )

**پرسیار :** ئافرەتێك ڕۆژووی گرتوە و لەکاتی خۆرئاوابووندا و پیش بانگ بەکاتێکی کەم سوڕی مانگانەی بۆ هاتووە ئایا ڕۆژووەکەی بەتاڵ دەبێتەوە ؟

**وەڵام :** ئەگەر هاتوو سوڕی مانگانەی بۆ هات لە پیش خۆرئاوابوون , ڕۆژووەکەی بەتاڵ دەبێتەوە و دەبێ قەزای کاتەوە , وە ئەگەر دوای خۆرئاوابوو سوڕەکەی بۆ هات ، ئەوا ڕۆژووەکەی تەواوە و قەزاکردنەوەی لەسەر نیە [٥٤] .

---

[٥٣] ( **اللجنة الدائمة** : فتاوى اللجنة الدائمة للبحوث العلمية والإفتاء : ج ١٠ : ص ٣٥٣ ) .

[٥٤] ( **محمد بن صالح العثيمين** : فتاوى المراة المسلمة : ص ١٨٠ ) .

**( لەتەمەنی دوانزە ساڵیدا باڵغ بووم و**

**چەند ساڵێك دواتر ڕۆژووم نەگرتووە ، ئێستا چیم لەسەرە ؟ )**

**پرسیار :** ئافرەتێك دەڵێت : لە تەمەنی دوانزە ساڵیدا و بەمانگێك پێش ڕەمەزان بالغ بووم ، و لە تەمەنی چواردە ساڵی دەستم بە ڕۆژووگرتن کردووە و ڕۆژووم گرتووە , ئایا ڕۆژووی ئەو ساڵەی ڕابووردوانەم لەسەرە یان نە ؟

**وەڵام :** قەزاکردنەوەی ئەو ڕۆژانەی ڕەمەزانت لەسەر پێویستە کە تیایاندا باڵغ بوویت و ڕۆژووت لەسەر بووە کەچی نەتگرتوون , قەزاکردنەوەکەش لەسەر یەك بێت یان جیاواز لەیەك , وە پێویستیشە داوای لێخۆشبوونیش بکەیت و بگەڕێیتەوە بۆ لای خوا ، لەو تاوانەی کە ئەنجامت داوە لەتاوانی ڕۆژوو نەگرتنت لە ڕەمەزاندا بەبێ هیچ عوزریکی شەرعی , بەڵکو خوای پەروەرگار تۆبەکەت لێوەگرێت و لێت خۆشبێت لە وەی کە ئەنجامت دابوو , خوای پاك و بێگەرد ئەفەرموویێت : ﴿ وَتُوبُوا إِلَى اللَّهِ جَمِيعًا أَيُّهَ الْمُؤْمِنُونَ لَعَلَّكُمْ تُفْلِحُونَ ﴾ ( النور : ٣١ ) ، واتە : ئەی ئیمانداران هەمووتان بەرەو لای خوا و بەدەستهینای ڕەزامەندی ئەو بگەڕێنەوە بۆ ئەوەی ڕزگار و سەرفرازبن .

هەروەها ئەفەرمویێت : ﴿ وَإِنِّي لَغَفَّارٌ لِمَنْ تَابَ وَآمَنَ وَعَمِلَ صَالِحًا ثُمَّ اهْتَدَى ﴾ ( طه : ٨٢ ) ، واتە : دڵنیاش بن لەوەی کە من زۆر لێخۆشبووم لەو کەسەی کە تەوبە دەکات و باوەڕ دەهێنێت و کاروکردەوی چاکە دەکات , و لەوەودوا بەردەوام دەبێت لەسەر ئەو ڕێبازە [٥٥] .

**پرسیار :** پێش چەند ساڵێك تەمەنم گەشتە دوانزە ساڵ ، و لە کاتی گەیشتنم بەم تەمەنە کەوتمە سووڕی مانگانەوە و سوڕەکەم دەستی پێکرد ، وە یەکەم سووڕی مانگانەم کە بۆم هات لە مانگی ڕەمەزاندا بوو ، ئاشکرایە ئەم تەمەنە بچووك و منداڵە و دایکیشم ڕێگری لێکردم لە ڕۆژووگرتن لە دوای پاك بوونەوەم لە سووڕی مانگانە !! بە بیانووی ئەوەی کە تەمەنم بچووکە !!!

---

[٥٥] ( **اللجنة الدائمة** : فتاوى المراة المسلمة : ص ١٧٩ ) .

بەو هۆیەوە ڕەمەزان ڕۆیشت و هیچ ڕۆژووم لێ نەگرت ، بۆ زانیاری چەند ساڵێك بەسەر ئەمەدا ڕۆیشتووە ، ئایا چیم لەسەر پێویستە بۆ ئەو ڕۆژووی ئەو مانگە ، و کەفارەتەکەشی چیە ؟

**وەڵام :** ئەم کچەی کە باس کرا ، قەزاکردنەوەی ژمارەی ئەو ڕۆژووانەی لەسەر پێویستە کە نەیگرتوون ، دوای تەواو بوونی سووڕی مانگانە لە مانگی ڕەمەزاندا ، چونکە پێگەیشتووە بە بەبەڵگەی بینینی سووڕی مانگانەکەی ، هەروەکو کەفارەتیشی لەسەر پێویستە بەهۆی دواخستنی قەزاکردنەوەکەی تا ڕەمەزانی تری بەسەرداهاتووە ، بڕی کەفارەتەکەشی ، خواردنی هەژارێکە بۆ هەر ڕۆژێك کە : نیو ( صاع ) ەو دەکاتە : ( دوو گوێل ) لە ( گەنم ) ، یان ( برنج ) یان هاوشێوەی ئەمانە لە خواردنی شارەکەی [٥٦] .

**( قەزاکردنەوە و کەفارەتیش لەسەرە )**

**پرسیار :** پێگەیشتنم بەپێی نیشانە ئاشکراکانی پێگەیشتن نزیکەی دەساڵ دەبێت , جگە لەوە من لە ساڵی یەکەمی پێگەیشتنمدا بە ڕەمەزاندا کەشتم و بەبێ هیچ عوزرێك . جگە لە نەزانین نەبێت . بەڕۆژوو نەبووم بە حوکمەکەی ، جا ئایا ئێستا قەزای ئەو مانگەم لەسەرە ؟ وە ئایا زیاد لەسەر قەزاکردنەوەکەش کەففارەتیشم لەسەرە ؟

**وەڵام :** قەزاکردنەوەی ئەو مانگەت لەسەرت پێویستە کە ڕۆژووت تێدا نەگرتووە ، لەگەڵ تۆبە و داوای لیخۆشبوون لە خوای پەروەردگار , لەگەڵ ئەوەشدا پێویستە بۆ هەموو ڕۆژێك خواردنی هەژارێك بدەیت ، کە بڕەکەی نیو ( صاع ) ە لە خواردنی شارەکەت لە خورما یان برنج یان جگە لە مانە ، ئەگەر لە تواناتدا هەیە ، وە ئەگەر هەژاریت و توانات لە دانی کەفارەتەکە ، ئەوا هیچت لەسەر نیە جگە لە ڕۆژووەکە نەبێت [٥٧] .

---

[٥٦] ( **اللجنة الدائمة** : فتاوى اللجنة الدائمة للبحوث العلمية والإفتاء : ج ١٠ : ص ٣٦٦ ) .

[٥٧] ( **عبدالعزيز بن عبدالله بن باز** : فتاوى المراة : ص ٦٢ ) .

( نەگرتنی ڕۆژوو بەهۆی نەخۆشی و ئازارەوە )

**پرسیار :** بەهۆی نەخۆشی و ئازارەوە ، سێ ڕۆژ لە ڕۆژووی ڕەمەزانم نەگرت ، ئایا ئەبێت و لەسەرم دەکەوێت لە هەر کاتێکدا کە بتوانم تیایدا ڕۆژووەکە بگرمەوە ، سودمەندمان کەن خوای پەروەردگار پاداشتی خێرتان بداتەوە ؟

**وەڵام :** گرتنەوەی ڕۆژووی ئەو سێ ڕۆژەی کە لە ڕەمەزاندا بەهۆی نەخۆشیەوە فەوتاندوونت لەسەر پێویستن ، لە ڕۆژەکانی تردا تاکو ڕەمەزانی داهاتوو ، وە هەرچەندە پەلە بکەیت لە قەزاکردنەوەیاندا باشترە ، و دروست نیە بۆت دوایان بخەیت ، یان ڕۆژێکی دوا بخەیت ، تاکو دەچێتە ناو ڕەمەزانەکەی ترەوە ، سەرەڕای توانا بوونت لەسەر ڕۆژوو ، وە ئەگەر دوات خست یان هەر بەشێکیت دوا خست تاکو ڕەمەزانێکی تر هاتەوە ، ئەوا پێویستە لەسەرت لە دوای تەواوبوونی مانگی ڕەمەزان قەزای بکەیتەوە ، و خواردنی هەژارێکیش بۆ هەموو ڕۆژێك بدەیت ، کە دوات خستوون [٥٨] .

( قەزاکردنەوەی ڕۆژووی ڕەمەزان لە ڕۆژی جومعەدا )

**پرسیار :** ئایا قەزاکردنەوەی ئەو ڕۆژووانەی کە فەوتاوە لە مانگی ڕەمەزاندا ، تەواو و دروستە لە ڕۆژانی پێنج شەممە و جومعەدا یان نە ؟

**وەڵام :** دروستە قەزاکردنەوەی ڕۆژووی فەوتاوی ڕەمەزان ، یان جگە لە ڕەمەزان لە سوننەتەکان لە هەردوو ڕۆژی پێنج شەممە و جومعەدا .

بەڵام تایبەتکردن و تاککردنەوەی گرتنی ڕۆژووی سوونەت لە ڕۆژی جومعەدا ڕێگە پێ نەدراو و قەدەغەکراوە [٥٩] .

---

[٥٨] ( **اللجنة الدائمة** : فتاوى اللجنة الدائمة للبحوث العلمية والإفتاء : ج ١٠ : ص ٣٥٨ ) .

[٥٩] ( **اللجنة الدائمة** : فتاوى اللجنة الدائمة للبحوث العلمية والإفتاء : ج ١٠ : ص ٣٥٤ ) .

**( قەزاکردنەوەی ئەو ڕۆژانەی کە لەڕەمەزاندا نەگیراوە بەهۆی منداڵبوونەوە )**

**پرسیار :** حوکی ئەو ئافرەتە چیە کە منداڵ بوونی لە جارێك زیاتر دووبارە بێتەوە لە ڕەمەزاندا ، کەچی هێشتا لە قەزاکردنەوەی ڕەمەزانی یەکەم نەبووەتەوە کە پێویستن لەسەری بیانگرێتەوە ؟

**وەڵام :** پێویستە لەسەر ئەو ئافرەتەی کە لە مانگی ڕەمەزاندا منداڵی دەبێت ، قەزای ژمارەی ئەو ڕۆژانەی بکاتەوە کە نەیگرتوون لە مانگەکانی دوای ڕەمەزان ، وە ئەگەر قەزاکردنەوەکەی دوابخات بۆ ڕەمەزانی داهاتوو بەبێ هیچ عوزرێك ، ئەوا پێویستە لەسەری لەگەڵ قەزاکردنەوەی هەر ڕۆژێکی خواردنی هەژارێك بدات ، بۆ هەموو ئەو ڕۆژانەی کە قەزای دەکاتەوە ، وە ئەگەر دواخستنی قەزاکردنەوەی بەهۆی عوزرێکەوە بوو ، ئەوا پێویستە لە سەری تەنها بەژمارەی ئەو ڕۆژانە تەنها قەزابکاتەوە و هیچی تر [٦٠] .

**( حوکمی دواخستنی قەزاکردنەوەی ڕەمەزان )**

**پرسیار :** حوکمی دواخستنی قەزاکردنەوەی ڕۆژوو بۆ پاش ڕەمەزانی داهاتوو چیە ؟

**وەڵام :** کەسێك کە ڕۆژوو نەگرێت لە ڕەمەزاندا بەهۆی سەفەرەوە یان نەخۆشی یان جگە لەمانە , پێویستە لەسەری قەزای بکاتەوە پێش ڕەمەزانی داهاتوو , لە نێوان هەردوو ڕەمەزانەکەدا جیگەیەکی فراوانە لە پەروەردگارمانەوە , بۆیە ئەگەر دوای بخات بۆ دوای ڕەمەزانی داهاتوو , لەو کاتەدا پێویستە لەسەری قەزاشی بکاتەوە , وە پێویستە لەگەڵ قەزاکردنەوەدا خواردنی ژەمی ڕۆژێکی هەژارێکیش بدات , لەکاتێکدا کە ئەمە کومەڵێك لە هاوەڵان فەتوایان داوە لەسەری , وە لە خواردنی ناوچەکە دەبێت کە دەکاتە نزێکەی کیلۆ و نیوێك لە خورما یان برنج یان جگە لەمانە , بەڵام ئەگەر قەزای کردەوە پێش ڕەمەزانی داهاتوو ئەوا خواردنی لەسەر نیە [٦١] .

---

[٦٠] ( **اللجنة الدائمة** : فتاوى اللجنة الدائمة للبحوث العلمية والإفتاء : ج ١٠ : ص ٣٦٧ ) .

[٦١] ( **عبدالعزيز بن عبدالله بن باز** : فتاوى المرأة : ص ٦٣ ) .

( چۆنێتی دیاریکردنی ئەو ڕۆژانەی کە لەدەست چوون )

**پرسیار :** من قەرزی ئەو ڕۆژانەم نەداوەتەوە کە فەوتاندومن لە مانگی ڕەمەزاندا بە هۆی سوڕی مانگانەمەوە , و ناشتوانم ژمارەیان دیاری بکەم , جا نازانم چیم لەسەر پێویستە ؟

**وەڵام :** خوشکی خۆم ـ لەبەر خوا ـ لەسەرتە بە دوای ژمارەیاندا بگەڕێت , پاشان ئەوەندە بە ڕۆژوو بیت کە زۆرینەی گومانت ئەوەیە کەوازت لێهیناون و نەتگرتوون , وە لەوەشدا داوای یارمەتی و سەرکەوتووی لە خوای پەروەردگار بکەی کە فەرموویەتی : ﴿ لَا يُكَلِّفُ ٱللَّهُ نَفْسًا إِلَّا وُسْعَهَا ﴾ ( البقرة : ٢٨٦ ) ، واتە : خوای گەورە بەپێی توانا داواکاری لە بەندەکانی دەکات .

بۆیە هەوڵبدە و بگەڕێ بەدوایدا و ئیحتیاتی خۆت ...... بکە ، بۆ ئەوەی ئەوەندە بەڕۆژووبیت کە زۆرینەی گومانت ئەوەیە کە نەتگرتوون , وە لەسەریشت پێویستە کە تەوبە بکەیت و بگەڕێیتەوە بۆ لای خوای پەروەردگار , خوای پەروەردگاریش پشتیوانە بۆ سەرکەوتن [٦٢] .

## ﴿ ڕۆژوو لە سەر کێ فەرزە ﴾

( ڕۆژوو نەگرتن بەهۆی گەورەیی و نەخۆشیەوە )

**پرسیار :** دایکێکی گەورەم هەیە لە تەمەندا و بێتوانابووە لە ڕۆژووگرتنی مانگی ڕەمەزان , و سێ ساڵی بەسەردا ڕۆیشتووە و هەر لە سەر حاڵەتی خۆیەتی بەهۆی گەورەیی و نەخۆشیەوە ، کەوابوو چی لە سەر پێویستە ؟

**وەڵام :** ئەگەر حاڵەتەکە وایە هەروەکو باست کردووە پێویستە لەسەری خواردنی هەژارێك بدات بۆ هەموو ڕۆژێك کە تێیدا ڕۆژووی نەگرتووە لە ڕەمەزان و لەهەر سێ ساڵەکەدا ,

---

[٦٢] ( عبدالعزيز بن عبدالله بن باز : فتاوى المرأة : ص ٦٢ ) .

ئەوەش بە دانی نیو ( صاع ) لە گەنم یان خورما یان برنج یان زوڕات و هـاوشێوەكانیان , لـەو شتانەی كە بـەخـواردنی خێزانیٚ دەدەن ... وباللّٰه التوفیق [٦٣] .

**( ئەو كەسەی كە ناتوانێت بەڕۆژوو بێت )**

**پرسیار :** بۆچوونی ئێوە چیە سەبارەت بەو كەسانەی كە ڕێگەیان پیٚ دراوە بە ڕۆژوو نەگرتن , وەكو پیاوی پیر و پیرەژن ، و نەخۆش بە نەخۆشیەك كە ئەمەلی باشبوونەوەی نیە ئایا پێویستە لەسەریان فیدیە بدەن بۆ نەگرتنی ڕۆژووەكەیان ؟ خوای گەورە پاداشتی خێرتان بداتەوە .

**وەلاٰم :** بسم الله و الحمد لله : پێویستە لەسەر ئەو كەسەی كە بێتوانایە لە ڕۆژووگرتن بە هـۆی پیرییەوە یان نەخۆشیەك كە ئەمەلی چاك بوونەوەی نیە ئەوەیە كە خواردنی هەژارێك بدات بۆ هەموو ڕۆژێك ئەگەر لە توانایدا بوو كە ئەو فیدیەیە بدات , ئەمەش فەتوای كۆمەڵێكە لە هاوەڵان ﷺ لەوانەش ( ابن عباس ) رضي الله عنه [٦٤] .

**( ڕۆژوو لەسەر ئافرەتی زەیسانیدار پێویستە ئەگەر پێش چلە پاك بێتەوە )**

**پرســـیار :** ئەگــەر ئـافرەتی زەیســانیدار پـێش چـلە پـاك بوویـەوە و ڕۆژووی گـرت ، ئایـە ڕۆژووەكەی تەواو و دروستە ؟

**وەلاٰم :** بـەڵیٚ ڕۆژووەكـەی تـەواوە و دروسـتە , چـونكە ئەگـەر بینـی پـاك بووەتـەوە ، بـاپێش چلەش بێت ، ئەوا لە حوكمی ئافرەتە پاكەكاندایە لە هەموو ڕوویەكەوە [٦٥] .

**( تەمەنی پێویست بوونی ڕۆژوو بۆ كچان )**

**پرسیار :** كچان لە چ تەمەنێكدا ڕۆژوویان لەسەر پێویست دەبێت ؟

---

[٦٣] ( **اللجنة الدائمة** : موسوعة الأحكام والفتاوى الشرعية : ص ٦٢٢ ) .

[٦٤] ( **عبدالعزيز بن عبدالله بن باز** : موسوعة الأحكام والفتاوى الشرعية : ص ٦٢٢ ) .

[٦٥] ( **عبدالرحمن بن ناصر السعدي** : فتاوى المراة المسلمة : ص ٦٤ ) .

**وەڵام :** هەر کاتێك کچان گەشتنە تەمەنی تەکلیف ڕۆژوویان لەسەر پێویست دەبێت ، یان بە تەواوی پانزەساڵ کە تەمەنی بالغ بوونە , یان بەدەرچوونی مووی عەورەتی , یان بەلەشگران بوونیان بە دابەزینی تۆواو , یان بەسوڕی مانگانە , یان بەسك پری , جا هەرکاتیك ئەمانەی لێ ڕوویدا , ئەوا پێویستە لە سەری ڕۆژوو بگرێت , ئەگەر تەمەنی دەساڵیش بێت , چونکە زۆرینەی کچان لە دە یان یانزە ساڵی تەمەنیان سوڕی مانگانەیان بۆ دێت , کەچی ئەهل و کەس و کاری کەمتەرخەمی لێ دەکەن و واگومان دەکەن کە منداڵە و ڕۆژووی پێویست ناکەنە سەریان کە ئەمەش هەڵەیە لەلایەن کەس و کاریانەوە , کەوابوو ئەگەر کچ سوڕی مانگانەی بۆ هات ، ئەوا ڕۆشتوەتە ڕیزی ئافرەتانەوە , و قەڵەمی کردنی تاوان و ئەنجامدانی پەرستشەکانی لەسەر دادەنرێت [٦٦] .

**( پاکبوونەوەی ئافرەت لە سوڕی مانگانە و زەیسانی**

**لە پێش دەرکەوتنی سپێدە ڕۆژوو لەسەر ئافەرەت فەرز دەکات )**

**پرسیار :** ئەگەر ئەو ئافرەتەی کە لە سوڕی مانگانە یان لە زەیسانیدایە ، و لە پێش سپێدە پاك دەبێتەوە ، بەڵام پێش سپێدە خۆی نەشوات ، بەڵکو خۆشۆردنەکەی لە پاش سپێدە بێت ، ئایا ڕۆژووەکەی دروستە یان نە ؟

**وەڵام :** بەڵێ ڕۆژووی ئەو ئافرەتە دروستە کە سوڕی مانگانەی هەیە ، وپێش دەرکەوتنی سپێدە پاك دەبێتەوە ، بەڵام خۆشۆردنەکەی لە پاش دەرکەوتنی سپێدە ئەنجام دەدات , بەهەمان شێوەش ئافرەتی زەیسانیدار , چونکە لەم کاتەدا لەو کەسانەیە کە ڕۆژوویان لەسەر پێویستە , و هاوشێوەی ئەو کەسەیە کە خۆشۆردنی لەش گرانی لەسەرە ئەگەرچی فەجریشی لەسەر دەرکەوتبێت بە لەش گرانیەوە , ڕۆژووەکەی دروست و تەواوە لە بەر ئەم فەرموودەیەی خوای پەروەردگار کە فەرموویەتی : ﴿ فَٱلۡـَٔـٰنَ بَـٰشِرُوهُنَّ وَٱبۡتَغُواْ مَا كَتَبَ ٱللَّهُ لَكُمۡۚ وَكُلُواْ وَٱشۡرَبُواْ حَتَّىٰ يَتَبَيَّنَ لَكُمُ ٱلۡخَيۡطُ ٱلۡأَبۡيَضُ مِنَ ٱلۡخَيۡطِ ٱلۡأَسۡوَدِ مِنَ ٱلۡفَجۡرِۖ ﴾ ( البقرة : ١٨٧ ) ، واتە : کەوابوو لە ئێستە بەدواوە نزیکیان

---

[٦٦] ( عبدالله بن جبرين : فتاوى المراة المسلمة : ص ١٧٨ ) .

بکەون و ئەوە داوا بکەن کە خوا بۆی بڕیارداون ، و بخۆن و بخۆنەوە هەتا بەڕوونی بەرەبەیان و سپێدەتان بۆ دەردەکەوێت و لە ڕۆژهەڵاتەوە دیار دەدات ، و تاریکی شەو لادەبات [٦٧] .

## ﴿ دە ڕۆژی کۆتایی ڕەمەزان و شەوی قەدر ﴾

### ( چۆنێتی زیندوکردنەوەی شەوی قەدر )

**پرسیار :** چۆن شەوی قەدر زیندوو بکەینەوە ؟ ئایا بەنوێژکرن ، یان بەقورئان خوێندن و باسکردنی ژیانی پێغەمبەران ، و ئامۆژگاری و ڕێنمایی کردن و ئاهەنگ گێڕان لەو شەوەدا لە مزگەوت ؟

**وەڵام : یەکەم :** پێغەمبەری خوا ﷺ هەوڵ و کوششێکی یەکجار زۆری دەکرد لە پەرستش و عیبادەتدا ، لە دە ڕۆژی کۆتایی لە ڕەمەزاندا ، کە لە جگە لەوە نەیدەکرد ، بە نوێژکردن و قورئان خوێندن و پاڕانەوە .

ئیمامی بوخاری و موسلیم دەگێڕنەوە لە خاتوو عائیشەی دایکی ئیماندارانەوە کە پێغەمبەری خوا ﷺ : " كان إذا دخل العشر الأواخر ؛ أحيا الليل ، وأيقظ أهله ، وشد المئزر " .

واتە : پێغەمبەر خوا ﷺ ئەگەر دە ڕۆژی کۆتایی بهاتایە شەوانی زیندوو دەکردەوە و خێزانەکانی بەخەبەر دەهێنا و و پشتوێنی لێ توونـد دەکرد ، بەواتای ئەوەی کە لە جووتبوون دووردەکەوتەوە .

وە پێشەوا ( أحمد ) و موسلیم دەگێڕنەوە کە : " كان يجتهد في الشعر الأواخر ما لايجتهد في غيرها " ، واتە : پێغەمبەری خوا ﷺ ئەوەندە خوا پەرستی دەکرد و هەوڵی ئەدا لە دە ڕۆژی کۆتاییدا ، لە ڕۆژەکانی تردا ئەوەندەی نەدەکرد .

---

[٦٧] ( **محمد بن صالح العثيمين** : فتاوى المراة المسلمة : ص ١٨١ - ١٨٢ ) .

**دووەم :** پێغەمبەری خوا ﷺ هانمان دەدا لەسەر هەستان لە شەوی قەدردا ، بە باوەڕ هێنان پێی و چاوەڕووانی کردنی پاداشتی ، هەروەکو لە ( أبو هريرة ) وە لە پێغەمبەرەوە ﷺ بۆمان دەگێڕێتەوە کە فەرموویەتی : " من قام ليلة القدر إيماناً واحتساباً غفر له ما تقدم من ذنبه " [٦٨] ، واتە : هەر کەسێك شەوی قەدر بە نوێژ زیدوو بکاتەوە و باوەڕی بە حوکمەکەی هەبێت و چاوەڕووانی پاداشتی بکات ، خوای پەروەردگار لە گوناهی پێشووی خۆش دەبێت . ئەم فەرموودەیەش بەڵگەیە لەسەر ڕەوایی زیندووکردنەوەی شەوانی قەدر بە نوێژکردن تیایاندا .

**سێیەم :** لە باشترینی ئەو زیکرانەی کە لە شەوی قەدردا بووترێت ئەو زیکرەیە کە پێغەمبەری خوا ﷺ خاتوو عائیشەی فێرکردووە ، و پێشەوا ( الترمذي ) دەیگێڕێتەوە و بە ( صحيح ) یشی دەزانێت .

لە عائیشەوە فەرموویەتی : " قلت يا رسول الله أرأيت إن علمتُ أى ليلة ليلة القدر ، ما أقول فيها ؟ قال : قولي : اللهم إنك عفوٌ تحب العفو فاعف عني " [٦٩] ، واتە : ووتم : ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ ئەگەر سەیرم کرد و زانیم چ شەوێك شەوی قەدرە چی بڵێم تیایدا ؟ ئەویش فەرمووی : بڵێ : ئەی پەروەردگارا تۆ لێبووردەیت و لێبووردەت خۆش دەوێت دەسا لێم ببوورە .

**چوارەم :** وە سەبارەت بە دیاریکردن و تایبەتکردنی شەوێك لە ڕەمەزاندا کە ئەو شەوە شەوی قەدرە ، پێویست بە بەڵگە دەکات کە دیاری و تایبەت بکرێت لە ڕۆژەکانی تر لێیان جیا بکرێتەوە ، بەڵام لە ڕۆژە تاکەکانی دەیەمی کۆتاییدا بەدوایدا بگەڕێن ، و جگە لەمەش شەوی بیست وحەوت ئەو شەوەیە کە زیاد لەشەوانی تر ئەگەری ئەوەی لێدەکرێت کە شەوی قەدر بێت ، و لەم بارەیەوە فەرموودە هاتوون کە بەڵگەن لە سەر ئەوەی کە باسمان کرد .

**پێنجەم :** وە سەبارەت بە ( بیدعە ) دروست نیە ، نە لە ڕەمەزان و نەش لە جگە لە ڕەمەزان ، بە جێگیری هاتووە لە پێغەمبەری خواوە ﷺ کە فەرموویەتی : " من أحدث في أمرنا هذا ما ليس منه

---

[٦٨] ( رواه البخاري ومسلم ) .

[٦٩] ( صححه العلامة الألباني في الصحيحة ، برقم : ٣٣٣٧ ) .

فهو ردٌّ " [٧٠] ، واتە : هەر کەسێك تازەگەرییەك دابێنێ لەم ئایینەماندا ولە ئایین نەبێت ، ئەوا ڕەت دەکرێتەوە و وەرناگیردرێت .

وە لە ڕیوایەتێکی تردا هاتووە : " من عمل عملاً ليس عليه أمرنا فهو رد " [٧١] ، واتە : هەر کەسێك هەر کردارێك بکات و فەرمانی ئێمەی لەسەر نەبێت ، ئەوا ڕەت دەکرێتەوە و وەر ناگیردرێت .

ئەوەی کە دەکرێت لە هەندێك لە شەوانی ڕەمەزاندا لە ئاهەنگ گێڕان هیچ بنەوایەك نازانین بۆ ئەو کارە ، و ناشزانین سەرەتا و لە بنەڕەتدا لە کوێوە هاتووە ، وە باشترین ڕێگە و ڕێبازیش ڕێگە و ڕێبازی پێغەمبەری خوایە ﷺ ، وە خراپترین کردەوەش تازەگەری و بیدعەکانە ، خوای پەروەردگاریش پشتیوانە بۆ سەرکەوتن ، وصلى الله على نبينا محمد وآله وصحبه وسلم [٧٢] .

**( داواکراو چیە لە موسڵمانان لە دە ڕۆژی کۆتایی ڕەمەزاندا ؟ )**

**پرسیار :** چی داواکراوە لە موسڵمان لە دە ڕۆژی کۆتایی مانگی ڕەمەزان ؟ وە چۆن ئەو ڕۆژانە بەڕێ بکات ؟

**وەڵام :** داواکراو لە موسڵمان لە دە ڕۆژی کۆتاییدا هەوڵ وتێکۆشانی زیاترە لە عیبادەتدا ، وەکو چاولێکردن و لاساییەك بۆ پێغەمبەری خوا ﷺ ، هەروەکو بە ( صحیح ) ی لێیەوە هاتووە کە دە ڕۆژی کۆتایی تایبەت کردوە بە زیادکردنی هەوڵ و تێکۆشان لە شەونوێژ و مانەوە لە مزگەوت بە مەبەستی خوا پەرستی ( الإعتكاف ) بڕوانە ( صحیح ) ەکەی پێشەوا بوخاری لە فەرموودەی ( عبدالله ) ی کوڕی ( عمر ) . ڕەزای خوا لە خۆی و باوکی بێت . .

چونکە کۆتایی مانگەکەیە و ڕەچای وابووە کە شەوی قەدری تێکەوێت , بۆیە پێویستە موسڵمان ئەم دە ڕۆژە پیرۆزە بە هەل بزانێ و تایبەتی بکات بە زیادکردنی هەوڵ و تێکۆشان ... , چونکە ئەم دە

---

[٧٠] ( رواه البخاري و مسلم واللفظ له ) .

[٧١] ( رواه البخاري ومسلم ) .

[٧٢] ( **اللجنة الدائمة** : فتاوى اللجنة الدائمة للبحوث العلمية والإفتاء : ج ١٠ : ص ٤١٣ ) .

ڕۆژە شەوانی ڕزگارکردنە لە ئاگر بەڵکو ئەوەی بەرکەوێت , وخوای پەروەردگاریش پشتیوانە بۆ سەرخستن [٧٣] .

## ﴿ ڕۆژووی مانگی شەوال ـ واتە : ڕۆژووی شەشەڵە ـ ﴾

### ( چۆنێتی گرتنی ڕۆژووی شەشەڵە )

**پرسیار :** ئایا گرتنی ڕۆژووی شەشەڵە ڕاستەوخۆ پێویستە لە دوای ڕۆژی جەژنی ڕەمەزانەوە ، یان دروستە دوای جەژن بە چەند ڕۆژێك یەك لە دوای یەك لە مانگی شەوالدا ؟

**وەڵام :** پێویست ناکات لە دوای جەژنەوە ڕاستەوخۆ ڕۆژوو بگیردرێت ، بەڵکو دروستە ڕۆژوو دەست پێبکات لە دوای جەژن بە ڕۆژێك یان بە چەند ڕۆژێك ، وە دەشتوانێت یەك لە دوای یەك بیانگرێت ، یان بە جیاواز و لەدوای یەك نەبن لە مانگی شەوالدا بەپێی ئەوەی بۆی دەکرێت و ئاسان بێت ، ئەو کارەش فراوانە و پێویست بە تەنگ کردنەوەی ناکات ، گرتنی ئەم ڕۆژووەش فەرز نیە ، بەڵکو سوننەتە [٧٤] .

---

[٧٣] ( **صالح الفوزان** : المفيد في مجالس شهر رمضان وأحكام الصيام وآدابه ، للعلامة الشيخ عبدالعزيز بن باز ، و يليه فتاوى الصيام ، لأصحاب الفضيلة : محمد بن صالح العثيمين ، صالح بن فوزان الفوزان ، ص : ٩٠ ) .

[٧٤] ( **اللجنة الدائمة** : فتاوى اللجنة الدائمة للبحوث العلمية والإفتاء : ج ١٠ : ص ٣٩١ ) .

## ﴿ چەند فەتوایەکی گشتی ﴾

**( حوکمی خواردن و خواردنەوە بۆ ئەو ئافرەتانەی کە ڕۆژوویان لەسەر نیە )**

**پرسیار : ئایە ئەو ئافرەتەی کە خوێنی زەیسانی ، یان سوڕی مانگانەی هەیە خواردن و خواردنەوە بخۆن و بخۆنەوە لە ڕۆژانی ڕەمەزاندا ؟**

**وەڵام : بەڵێ خواردن و خواردنەوە دەخۆن و دەخۆنەوە لە ڕۆژانی ڕەمەزاندا , بەڵام باشتروایە بە نهێنی بێت ، ئەگەر منداڵان لەماڵ بن , چونکە دەبێتە کێشەیەك لە لایاندا و کێشەیان بۆ دروست دەکات** [٧٥] .

**( کێ دەتوانێت بە ڕۆژوو نەبێت )**

**پرسیار : حوکمی ڕۆژوو و نوێژ چیە بۆ ئافرەتێك کە لە سوڕی مانگانەدا بێت ؟**

**وەڵام : ئەنجامدانیان لەسەری حەرامە و قەبوولیش نابێت ئەگەرچی ئەنجامیشیان بدات , لەبەر ئەم فەرموودەیەی پێغەمبەری خوا ﷺ کە ئەفەرموێ :** " أليس إذا حاضت المرأة لم تصل ولم تصم " [٧٦] ، **واتە : ئایە ئافرەت کە دەکەوێتە سوڕی مانگانەوە واز لە نوێژ و ڕۆژوو ناهێنێت ؟!**

**وە ئەگەر ئافرەت لە سوڕی مانگانە پاکبویەوە ئەوا ڕۆژووەکەی قەزادەکاتەوە ، بەڵام نوێژ قەزا ناکاتەوە , لەبەر ئەم فەرموودەی دایکە عائیشە کە دەفەرمووێت :** " كنا نحيض على عهد رسول الله ، فكنا نؤمر بقضاء الصوم ، ولا نؤمر بقضاء الصلاة " [٧٧] ، **واتە : ئێمەی ئافرەتان لەسەردەم پێغەمبەری خوا ﷺ دەکەوتینە سوڕی مانگانەوە ، و دواتر فەرمانمان پێ دەکرا بە قەزاکردنەوەی ڕۆژوو و فەرمانمان پێ نەدەکرا بە قەزاکردنەوەی نوێژ .**

---

[٧٥] ( **محمد بن صالح العثيمين** : فتاوى المراة المسلمة : ص ١٨١ ) .

[٧٦] ( متفق عليه ) .

[٧٧] ( متفق عليه ) .

جیاوازیشیان . والله أعلم . ئەوەیە کە نوێژ زۆر دووبارە دەبێتەوە بۆیە قەزاکردنەوەی پێویست نەکراوە ، ئەوەش لەبەر قورسی و ناڕەحەتی لەسەر موسڵمانان لە قەزاکردنەوەیدا بە پێچەوانەی ڕۆژوو [٧٨] .

( حوکمی ڕۆژووگرتن بۆ

ئەو ئافرەتانەی کە لە سوڕی مانگانە یان لە زەیسانیدان )

**پرسیار :** حوکمی ڕۆژوو چیە لەسەر ئافرەتی زەیسانیدار یان ئافرەتێك کە لە سوڕی مانگانەدا بێت ؟

**وەڵام :** ڕۆژوو حەرامە لەسەر ئەو ئافرەتەی کە لە سوڕی مانگانەدا یان زەیسانیدایە , وە لە سەری پێویستە قەزای بکاتەوە لە ڕۆژانی تردا , لە هەردوو ( صحیح ) ی بوخاری و موسلیمدا هاتووە لە عائیشەوە . رضي الله عنها . کە ئەفەرموویێت : (( كنا نحيض على عهد رسول الله ، فكنا نؤمر بقضاء الصوم ، ولا نؤمر بقضاء الصلاة " [٧٩] ، واتە : ئێمەی ئافرەتان لەسەردەم پێغەمبەری خوا ﷺ دەکەوتینە سوڕی مانگانەوە ، و دواتر فەرمانمان پێ دەکرا بە قەزاکردنەوەی ڕۆژوو و فەرمانمان پێ نەدەکرا بە قەزاکردنەوەی نوێژ .

ئەم وەڵامەش کاتێك بوو کە ئافرەتێك پرسیاری لێکرد کە بۆچی ئەو ئافرەتەی کە لە سوڕی مانگانەدایە ڕۆژوو قەزا دەکاتەوە و نوێژ قەزا ناکاتەوە ؟ جا ئەویش . رضي الله عنها . ئەوەی ڕوون کردەوە کە ئەمە کارێکە لەو کارانەی کە تێیدا دەبێت متمانە بکرێتە سەر دەقە شەرعیەکان [٨٠] .

---

[٧٨] ( **صالح الفوزان** : فتاوى المراة المسلمة : ص ١١٦ ) .

[٧٩] ( متفق عليه ) .

[٨٠] ( **اللجنة الدائمة** : فتاوى المرأة المسلمة : ص ١٧٩ ) .

## ناوەڕۆك

سەرباسی بابەتەکان | پەڕە


پێشەکی ................................................................ ٣

سوودەکانی ڕۆژوو ....................................................... ٤

دیاری کردنی مانگی ڕەمەزان ............................................. ٤

نیەت لە ڕۆژووی ڕەمەزاندا ............................................... ٥

هۆکارە یارمەتیدەرەکانی ئافرەتان لە پەرستشدا ............................... ٦

ئەو شتانەی بۆ ڕۆژووان دروستن و ڕۆژووش بـەتـاڵ نـاکـەنـەوە ............ ٧

بەربانگکردن ............................................................. ١٦

ئەو شتانەی بۆ ڕۆژووان نادروستن لە ڕەمەزاندا بەڵام ڕۆژوو بەتاڵ ناکەنەوە .......... ١٧

ئەو شتانەی بۆ ڕۆژووان نادروستن لە ڕەمەزاندا و ڕۆژووش بەتاڵ دەکەنەوە .......... ١٨

ئەو شتانەی کە نابنە عوزر و بەهانە بۆ نەگرتنی ڕۆژووی ڕەمەزاندا .......... ١٩

قەزاکردنەوەی ڕۆژوو ..................................................... ٢٠

ڕۆژوو لە سەر کێ فەرزە .................................................. ٢٥

دە ڕۆژی کۆتایی ڕەمەزان و شەوی قەدر .................................... ٢٧

ڕۆژووی مانگی شەوال ـ واتە : ڕۆژووی شەشەڵە ـ ............................ ٢٩

چەند فەتوایەکی گشتی ........................................................ ٣٠

ناوەڕۆك ........................................................................ ٣٢

سەرچاوەکان ................................................................ ٣٣

## ﴿ سەرچاوەكان ﴾


١ ـ **المفيد في مجالس شهر رمضان وأحكام الصيام وآدابه** ، للعلامة الشيخ عبدالعزيز بن باز ، **و يليه فتاوى الصيام** ، لأصحاب الفضيلة : محمد بن صالح العثيمين ، صالح بن فوزان الفوزان ، مكتبة الإمام الوادعي ، ودار عمر بن خطاب ، الطبعة الأولى ، ١٤٢٨ هـ ـ ٢٠٠٧ م ، إعداد : القسم العلمي بالدار .

٢ ـ **موسوعة الأحكام والفتاوى الشرعية** ، لأصحاب الفضيلة : عبدالعزيز بن عبدالله بن باز ، ومحمد ناصرالدين الألباني ، ومحمد بن صالح العثيمين ، وصالح الفوزان ، عبدالله بن عبدالرحمن الجبرين ، واللجنة الدائمة للإفتاء ، جمع وترتيب : صلاح الدين محمود السعيد ، دار الغد الجديد ، الطبعة الأولى ، ١٤٢٧ هـ ـ ٢٠٠٦ م .

٣ ـ **فتاوى اللجنة الدائمة للبحوث العلمية والإفتاء** ، جمع وترتيب : الشيخ أحمد بن عبدالرزاق الدَّويش ، دار المؤيد ، الطبعة الخامسة ، ١٤٢٤ هـ ـ ٢٠٠٣ م .

٤ ـ **مجموع فتاوى العلامة الألباني** ، جمع وترتيب : أبي سند محمد .

٥ ـ **فتاوى المرأة المسلمة** ، لأصحاب الفضيلة العلماء : محمد بن إبراهيم آل الشيخ ، و عبدالرحمن السعدي ، و عبدالله بن حميد ، و ابن باز ، و ابن عثيمين ، و ابن جبرين ، و ابن فوزان ، اعتنى بها ورتبها : أبو محمد أشرف بن عبدالمقصود ، مكتبة أضواء السلف ، الطبعة الثانية ، ١٤١٧ هـ ـ ١٩٩٦ م .

٦ ـ **فتاوى المرأة المسلمة** ، لأصحاب الفضيلة : شيخ الإسلام ابن تيمية ، و محمد بن إبراهيم آل الشيخ ، و عبدالرحمن بن ناصر السعدي ، و عبدالعزيز بن عبدالله بن باز ، و محمد ناصالدين الألباني ، و محمد بن صالح العثيمين ، و صالح بن عبدالله الفوزان ، و عبدالرزاق العفيفي ، دار ابن الجوزي ـ القاهرة ، الطبعة الأولى ، ١٤٢٦ هـ ـ ٢٠٠٥ م .

٧ ـ **الفتاوى المهمة للعلامة محمد ناصرالدين الألباني** ، جمع و تحقيق : صلاح الدين محمود السعيد ، دار الغد الجديد ، الطبعة الأولى ، ١٤٣٠ هـ ـ ٢٠٠٩ م .

٨ ـ **فتاوى المرأة** ، لأصحاب الفضيلة : سماحة الشيخ عبدالعزيز بن عبدالله بن باز ، و الشيخ محمد بن صالح العثيمين ، و الشيخ عبدالله بن جبرين ، و اللجنة الدائمة للإفتاء ، جمع و ترتيب : محمد المسند ، الطبعة الاولى ، ١٤١٤ هـ .